# چاپكراوی نوێ

(مۆدێرنیتەی سیاسی) ناونیشانی کتێبێکی تازەچاپکراوی (چنوور فەتحی)یە کەوتۆتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، لە نووسینی مۆریس باربییە و نووسەر کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ رامانی قووڵ لە چەمکی مۆدێرنیتەی سیاسی، نووسەر ئازادییە گشتییەکان، جیاکردنەوەی هێزەکان، دەنگدان و پلۆرالیزمی سیاسی بۆ پێناسەی مۆدێرنیتەی سیاسی بە تەواوی نازانێت و لای وایە ئەم تەکنیك، پێناسەیەکی تەواو بۆ ئەم چەمکە بەدەستەوە نادەن.نووسەری کتێبەکە بە گەڵاڵەکردنی پرسی دەوڵەتی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی و پێشنیاری پێناسەیەکی روونی مۆدێرنیتەی سیاسی هەوڵدەدات تا ئەو ئاستەی دەکرێ تەمومژی ئەم چەمکە نەهێڵێت و پێوەرێك بۆ تێگەیشتن لە رەوتی گۆڕانکارییەکانی مۆدێرنیتەی سیاسی لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بە دەستەوە بدات. خوێنەر لەم کتێبەدا پێناسەیەکی هەرە وردی مۆدێرنێتەی سیاسی دەبینێتەوە، بەو چەشنەی مۆریس باربییە جیایی نێوان دەوڵەتی سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی بە پێوەری بنچینەیی مۆدێرنیتەی سیاسی دەزانێت. (مۆدێرنیتەی سیاسی) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستانە. دەستخۆشی لە نووسەر چنوور فەتحی دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.



# عێراق وەکوو دەوڵەت، وەکوو حکومەت، وەکوو میللەت بەرەو کوێ!

عێراق وەکوو دەوڵەت، دەوڵەتێکی دەستکردو لە رووی ستراکتورەوە شێواوە، بەو مانایەی قەیرانێکی ستراکتوری هەیە، راست ناکرێتەوە تا هۆکارەکانی ئەو قەیرانە بنیادییە چارەسەر نەکرێ، لێ وێدەچێ جارێ هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە بنیادییە لە گۆڕێدا نەبێ، کەواتە دەبێ مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئاراو دەرهاویشتەکانی بکەین و بیر لەو قەیرانە هەنووکەییانە بکەینەوە کە بەڕای خۆم، بەم یان بەو رادەیە سەروکارێکیان بە قەیرانی بنیادیی عێراقەوە هەیە، هەرچەند لە ماددەی یەکەمی دەستووری عێراقدا نووسراوە: «جمهوريـة العراق دولـةٌ اتحاديـةٌ واحـدةٌ مستقلةٌ ذات سيادة كاملة، نظام الحكم فيها جمهوريٌ نيابيٌ (برلماني) ديمقراطيٌ، وهذا الدستور ضامنٌ لوحدة العراق». لە ماددەی سێیەمیشدا قامك بۆ راستییەك راكێشراوە کە: «العراق بلدٌ متعدد القوميات والأديان والمذاهب، وهو عضوٌ مؤسسٌ وفعال في جامعة الدول العربية وملتزمٌ بميثاقها، وجزءٌ من العالم الإسلامي».

لێ عێراق وەکوو حکومەت لە دوای ٢٠٠٥ەوە، سەرکەوتوو نەبووە، یان پێی نەکراوە، یان نەیویستووە کار بە رۆحی ماددەی یەکەمی دەستوور بکات و لە دەرهاویشتەکانی دەستکردبوونی عێراق کەم بکاتەوە، بەپێچەوانەوە دابەشبەندییە ئیتنی و ئایینی و مەزهەبییەکان قووڵتر بوونەتەوە، دابەشبەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش سەربار. بەکورتی حکومەت نەبووە حکومەتێکی مەدەنی، بەو مانایەی هاووڵاتی بناخە بێ.



**ئاسۆ کەریم**

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

راستە، لە عێراقدا فرەحزبی هەیەو هەر چوار ساڵێکیش هەڵبژاردنی گشتی دەکرێ. بەڵام نە پارلەمان و نە ئەو حکومەتەی لە هەڵبژاردنیش کەوتووەتەوە، دەربڕی ئیرادەو خواستی راستەقینەی خەڵك نەبوون. تۆ واز لە ساختەکاری و گزیی دەنگ بهێنە. رێژەی بەشداریی بە قسەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی ٢٠١٣ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، بێ لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و کەرکووك، رێژەی بەشداریکردن ٤٤,٣٩٪ بووە. لە هەڵبژارنەکانی ٢٠١٨ی پارلەمانی عێراقدا و لە تەواوی عێراقدا رێژەی راگەیەنراوی فەرمی ٤٤,٥٢٪ بووە، بەڵام دەگوترێ رێژەی راستەقینە لەوە کەمتر بووە و دەوروبەری ٣٢-٣٣٪ بووە. راستە دەنگدان مافە نەك ئەرك، بەڵام رێژەی کەمتر لە ٥٠٪ چ ئاماژەیەکە؟ بۆ خەڵك دەنگیان نەدا؟ ئایا زۆرینەی خەڵك لە گەمەی دیموکراسی و میکانیزمەکانی هاتنە سەر دەسەڵات و ریفۆرم و گۆڕانکاری لە عێراقدا بێ ئومێدبوون؟ یان بە واتایەکی دیکە لە «نوخبەی دەسەڵاتڕان» بێ ئومێد بوون؟ یان بێباکیی سیاسیی خەڵك بووە؟

خۆپیشاندانە نارەزاییەکانی ٢٥ی ئۆکتۆبەر کە تا ئێستە بەردەوامن، وەڵامێکمان دەدەنەوە کە خەڵك بەتایبەتی گەنجان و ئافرەتان، چین و توێژە کەڵایەتییەکانی ناوەڕاست و خوارێی کۆمەڵ [ئاخر رێژەی بێکاری لە ٣٠٪ زێترەو لەناو گەنجانیشدا نێزیکە لە ٤٠٪ و رێژەی خوار خەتی هەژاری لە وڵاتێکی نەوتیدا یەکجار بەرزە]، هەم متمانەو بەقایان بە نوخبەی



سیاسیی دەسەڵاترانی و حزبەکانیان نەماوە، هەم خەڵك لەڕاست ئەو نوخبەیەو بێدادی و گەندەڵی و دزی و فزیدا، لەبەرانبەر نفووزی ئێرانی لە پێگەی پاسیڤ و بێباکیی خۆیان نەمانەوەو هاتنە وەڵام و سەرباری ئەو هەموو کوژراوو بریندارەی تا ئێستە بووە بەردەوامن و هەم داواکارییەکانیان هەردوو رووی (مەتلەبی) و هەم (سیاسی)یان بەخۆوە گرتووە. شایانی گوتنە ئەو خۆپیشاندانانە لە ڕێگەی «تەنسیقیات»ێکەوە بەڕێوەدەبردرێ کە زێتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن. هەرچەند بەم دواییە، حزبەکان و میلیشیاکان هانی لایەنگرەکانی خۆیان داوە بچنە ناو ئەو خۆپیشاندانانە هەم بۆ بەکارهێنانیان بەمەبەستگەلێکی تایبەت و هەم بۆ نانەوەی ئاژاوەو بنکۆڵکردنیان لە ناوەوەو کوشتنی کەسە دیارو بەرچاوەکانی «تەنسیقیات»و دواتر کۆتایی پێهێنانیان [قەسابخانەکەی سنك و خەلانی.]

ناکرێ چاو لەم خۆپیشاندانانە بکرێ بێ لەبەرچاوگرتنی ململانەی ئەمریکا و دۆستەکانی لەلایەك و ئێران لەلایەکی دیکەوە، ئەمەش بە روونی لە هەڵوێستی هەر دوو لادا دەردەکەوێ. وەکوو دەبیندرێ ئەمریکا چەند جارە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نابێ حکومەت پەنا بۆ بەکارهێنانی هێزی زیاد لەپێویست ببات کە لەبەرانبەر خۆپیشاندەراندا بەکاری بهێنێ [تویتەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کە ئەوان دەسەڵاتی قانوونیی خۆیان بۆ سزادانی ئەو گەندەڵانەی عێراق کە سامانی گشتیی عێراق دەدزن و خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان دەکەنە ئامانج، بەکاردەهێنین]. بێ لەوە ئەمریکا لە نفووزی پەرەگرتووی ئێران و میلیشیا شیعە دەستنێژەکانی نیگەرانەو دەیەوێ لە ڕێگەی هەندێ ڕێوشوێنی سزاییەوە [بڕیارەکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە بەرانبەر قەیس خەزعەلی و براکەی و ئەبو زەینەبی لامی کە سەرکردەیەکی حەشدەو خەمیس خەنجەری سەرمایەداری عێراقی] هەم پشتیوانیی خۆی بۆ خۆپیشاندەران دوپات بکاتەوەو هەم لە نفووزی ئێران لە عێراق بدات. دیارە ئێرانیش لە بەرانبەردا ئاماژە بۆ هەبوونی دەستی دەرەکی دەکات لە ناو خۆپیشاندانەکاندا...

عێراق وەکوو میللەت، ئەگەر سەیرێکی پێکهاتەی خۆپیشاندانەکان بکرێ، دەبیندرێ زێتر مۆرکێکی شیعەی بەسەردا زاڵە، بەو مانایەی لە بەغداو پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووردا بەڕێوەدەچن. بە مانایەکی دیکە بە پلەیەکەمی کەمتر خەڵکی سوننەمەزەب بەشدارییان تێدا کردووەو بە پلەیەکی ئێکجار کەمتریش کوردو خەڵکی دیکە. لە کوردستاندا جموجوڵێکی زۆر کەم بۆ پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانەکان هەبووە. بۆیە هەندێ کەس دەڵێن خۆپیشاندانەکان مۆرکێکی تایەفییان پێوە دیارە و نەبوون بە خۆپیشاندانێکی بان دابەشبەندیی تایەفی و ئیتنی. ئەمەش نیشانەیەکە کە هێشتا ئاگاییەکی وەتەنی بە مانای «عێراقچێتی» کە لەسەرووی ئەو دابەشبەندییە تایەفی و ئیتنی و نەتەوەییەوە بێ نەهاتووەتە کایەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا، ئەو بزووتنەوە نارەزاییە یەکدەست نییەو سەرێکی دیاریشی نییە.

لەم نێوەندەدا، ئایەتوڵڵا عوزما سیستانی لە هەر دوو وتەی ٣٠ی ئوکتۆبەر و ٦ی نۆڤامبەردا کە یەکەمیان بەدەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی کۆتایی هات و لە دووەمیاندا جەختی لەسەر ئاشتیخوازیی خۆپیشاندەران و



پاراستنیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراق و پێکهێنانی حکومەتێکی دیکە لە وادەی دەستووریی خۆی کردەوە و هیوا دەخوازێ: «أن یتم اختیار رئیس الحکومة الجدیدة واعضائها ضمن المدة الدستوریة ووفقاً لما یتطلع الیه المواطنون بعیداً عن أي تدخل خارجي...» لەم نێوەدا، باس لە رۆڵی سیستانی دەکرێ لە هاتنە ئارای جۆرێ لە خیتابی سیاسیی عێراقی کە دوور بێ لە نفووزی ئێران، یان قوتکردنەوەی مەرجەعیەتی نەجەف لە بەرانبەر مەرجەعیەتی قوم، یان عێراقیبوون لەبەرانبەر ئێرانیبووندا...

**ئەم رەوشە بەرەو کوێ؟ ئەگەرەکان:**

- خۆپیشاندانەکان و توندوتیژی و ناسەقامگیری بەردەوام بن، حکومەتی کاربەرێکەری عادل عەبدولمەهدی بەردەوام بێ و لایەنەکان رێک نەکەون لەسەر پاڵێوراوێکی نوێ بۆ سەرۆکایەتی حکومەت. واتە بەرەو بێسەروبەری، توندوتیژیی زێتر بڕوا ئەوسەری تونێڵەکە دیار نەبێ کە بوار بۆ سیناریۆی جۆراوجۆر دەکاتەوە.

- خۆپیشاندانەکان کۆتاییان پێ بێ و لایەنەکان لەسەر کاندیدێک رێکبکەون. ئەو حکومەتە کاتییە هەندێ ئەرکی دیاریکراوی لە ماوەیەکی دیاریکراودا پێ بسپێردرێ تا هەڵبژاردنێکی دیکەی گشتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسان نییە لەناو پارلەماندا بەتایبەتی لەژێر کاریگەریی گوشاری جادەدا، ئەو کەسانەی تا ئێستا ناویان دێ بۆ جێگرتنەوەی عادل عەبدولمەهدی دەنگ بهێنێ.

**هەرێمی کوردستان و سیناریۆکان**

بەڕای من پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی لەناوەخۆدا یەکدەنگ بن و هەڵوێستەکانیان بکەنە یەك و، دووەم لەگەڵ هەردوو بەرەدا، لەگەڵ خۆپیشاندەرانی (ساحەی تەحریر) و داخوازییە رەواکانیان و لەگەڵ لایەنە سیاسییە بەشداربووەکان چ لەناو پارلەمان و چ لەناو حکومەتی ئیتیحادیدا لە پێوەندیدا بن، بەتایبەتی لەگەڵ خۆپیشاندەراندا، بۆ ئەوەی ئەو سەرنج و رایە بڕەوێتەوە کە دەگوترێ: کورد لە ئاست خەم و ئازارەکانی گەلانی دیکەی عێراقدا بێباکە و تەنیا و تەنیا لە روانگەی بەرژەوەندییە داراییەکانیەوە سەیری عێراق دەکات.. لەکاتێکدا بەشێکی میللەتی ئێمە بەتایبەتی کوردانی فەیلی لە بەغداو هەندێ شاری دیکەدا دەژین و لەناو خۆپیشاندانەکاندان..





# سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەت

# لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیاندا

لەو ڕۆژەوەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا بەرنامەی کابینەکەی ڕاگەیاندووە، جەختی لەسەر یەک پرسی سەرەکی کردۆتەوە، ئەویش بوونی هاووڵاتیە بە سەنتەری بەرنامەی حکومەت و نەهێشتنی بۆشایی لە نێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا

کێشەکانی سیاسەتی حوکمڕانی و لاوازیی ئەدای حکومەت، کێشەی تەنیا وڵاتێك، یان حکومەتێکی دیاریکراو نین، ئەم مۆرکە گشتگیرەی ئێستا لەسەر ئاستی جیهان، بۆتە سیمای دیاری شکستی سیاسەتی حوکمڕانی و لاوازیی ئەدای حکومەت، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتەکانی ئێستای جیهان بەگشتی و حکومەتە سەرکەوتووەکانی پێشووی ڕۆژئاوا بەتایبەتی، لەبری ئەوەی هاووڵاتیانی خۆیان سەنتەری دووبارە بیرکردنەوەی سیاسەتی حوکمڕانی بێت و ئەم بیرکردنەوەیەش گەرموگوڕی و چالاکی بداتە ئەدای حکومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی، ئەوا ئێستا ئەم سەنتەرە بۆتە شێوازێکی بیرکردنەوەی گلۆبالیزم و بازاڕی ئازاد و نرخ دانەنان بۆ بەهای ئەو هاووڵاتییانەی کە بەدەنگی خۆیان ئەو حکومەت و حوکمڕانییەیان هەڵبژاردووە.

لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە، مۆدێلی حوکمڕانی و حکومەت لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا وەك نموونەیەکی سەرکەوتووی حوکمڕانیی باشی نەتەوە ئازادەکان دەرکەوتن، هۆکاری ئەم سەرکەوتنەی حوکمڕانیی باش لە ئەوروپا و ئەمریکا، بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئەوان دیموکراتین و حکومەتەکانی دیکە نادیموکراتین، بەڵکو فاکتەری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەماناو چەمکی دیموکراتی لەو ئەو دەوڵەتانەدا، دەربڕی ئیرادەی نەتەوەیەکی ئازاد بووە، هەر بۆیە ئەگەر سەیری کۆی سیستمە حوکمڕانییەکانی دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا بکەین، ڕاستە هەموویان لەژێر دروشمی گشتگیردا کۆدەکرانەوە و پێیان دەگوتن (دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا)، بەڵام هیچ سیستمێکی سیاسی دەوڵەتێك لە دەوڵەتێکی دیکە ناچێت، ئەمەش مانای ئەوەیە هەر حوکمڕانییەك ئیرادەی نەتەوەکەی بکاتە سەنتەری سیاسەتی حوکمڕانی، ئەوا ئەگەر هیچ کام لە میکانیزمەکانی دیموکراتییش پیادە نەکات، وەك ئەزموونێکی سەرکەوتوو سەیر دەکرێت و لە ڕیزی ئەو دەوڵەتانە پۆلێن دەکرێت کە پێیان دەگوترێت «جیهانی یەکەم».

ئەم دەروازەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو، چەمکێك نییە پەیوەست بێت بەو سیستمەی پێی دەگوترێت سیستمی (لیبراڵ دیموکراتی)، بەڵکو حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوو ئەو حوکمڕانییەیە کە هاووڵاتی سەنتەری سیاسەتی حوکمڕانی بێت.

لە ئێستادا کە سیاسەتی حوکمڕانی لە ناو سیستمی (لیبراڵ دیموکراتی ڕۆژئاوا) ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆتەوە، حکومەتەکان ناتوانن وەڵامی خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیان بدەنەوە، هەوڵ و بیرکردنەوەی تازە لەسەر ئاستی کۆی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە ئەوەیە، ئەگەر سیستمی لیبراڵ دیموکراتی نەتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات، ئایا ئەلتەرناتیڤ بۆ سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەتی سەرکەوتوو دەبێت چۆن بێت؟ دیارە ئەم دیالۆگ و کێشمەکێشەش لەسەر ئاستی فیدراسیۆنێکی پێشکەوتووی وەك فیدراسیۆنی یەکێتی ئەوروپا بۆتە ڕۆژەڤی ڕۆژ، لە کاتێکدا ئەم فیدراسیۆنە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، جیا لەوەی دەستوورێکی هاوبەشی بۆ دەوڵەتانی ئەندامی ئەو فیدراسیۆنە هەبوو، لە هەمانکاتدا کۆمەڵێك پێوەری زۆر توندیشی دانابوو، کە هەر دەوڵەتێك (بۆ نموونە تورکیا) ئەگەر نەیتوانیبێت ئەو پێوەرانە جێبەجێ بکات، ئەوا بۆ ئەندامیەتی ئەو فیدراسیۆنە وەرنەدەگیرا، بەڵام ئێستا هەر ئەو فیدراسیۆنە خۆی سەرقاڵی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیڤ بۆ حوکمڕانیی لیبراڵ دیموکراتی بدۆزێتەوە. هەر ئەمساڵ کۆمسیۆنی ئەوروپا لەناو یەکێتیی ئەوروپادا دیراسەتێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (ئایندەی حکومەت لە +٢٠٣٠ هاووڵاتیان دەبێت سەنتەری بیرکردنەوەی ئەو مۆدێلە نوێیەی حکومەت بن)، لەم دیراسەتە جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دەبێت هاووڵاتیان بکرێنەوە بە سەنتەری بیرکردنەوە و مەزندەکانی حکومەت، ئەمەش نەك تەنیا لەبەر ئەوەی حکومەت و حوکمڕانی پێناسە بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە سەرلەنوێ حکومەت

هەر حوکمڕانییەک ئیرادەی نەتەوەکەی بکاتە سەنتەری سیاسەتی حوکمڕانی، ئەوا ئەگەر هیچ کام لە میکانیزمەکانی دیموکراتییش پیادە نەکات، وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو سەیر دەکرێت

فۆرمات بکاتەوە و ڤێرژنێکی تازەی سیاسەتی حوکمرانی و مۆدێلی حکومەت دووبارە لەناو سیستمە سیاسییەکە دابڕێژێتەوە.

هەر لەم دیراسەتە کە پشت بە چەندین ناوەندی لێکۆڵینەوە بەستراوە، چەند شێوازێکی تازەی حکومەت خراوەتەروو، کە بریتین لە:

١. دیموکراسی لە خودی خۆیدا خۆی ڕێکبخاتەوە کە ناویان لێ ناوە (DIY democracy)

ئەم مۆدێلە داماڵینی دیموکراتییەتە لە چەمکە گلۆباڵییەکەی و گێڕانەوەیەتی بۆ چەمکە ڕەسەنەکەی خۆی لەناو دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا، ئەمەش بەوە مانای چۆن سیستمی دیموکراتی لەناو دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا سەرچاوەیەك بووە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و پێدانی لامەرکەزییەتی و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەکان لەبەر ڕۆشنایی ئیرادەی خودی کۆمەڵگەکە، ئەوا ئێستا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سەر هەمان ڕیتم و شێواز، ئەوجا دەتوانێت لە ئێستاوە خۆی ئامادە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتەوە بە مۆدێلێکی سەرکەوتووی حکومەت لە دوای ساڵی ٢٠٣٠.

٢. حوکمڕانی بە پشتبەستن بە زیرەکی دەستکردی کۆمپیوتەر (Algocracy Private).

ئەمجۆرە حکومەتە کە ناویان لێ ناوە (ئەلگۆکراسی) ئاماژەیە بۆ ئەو زیرەکییە دەستکردەی (IA) کە شۆڕشی چوارەمی تەکنەلۆژیا بەدەستی هێناوە و لە ڕێگەی پێکەوەگرێدانی دوو (ئەلگۆریزم)ی زیرەکی دەستکرد، دەگاتە ئەو ئاستەی وەك مێشکی مرۆڤ توانای بیرکردنەوە و توانای بەڕێوەبردنی هەبێت، ئەم شێوازە، نیشانەی دەستەوەستانی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتییە بۆ بەرهەمهێنانی مۆدێلێکی تازەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حکومەت دەستبەرداری بیرۆکراتیەت و چاودێری و جێبەجێکردنی خۆی دەبێت، کۆمپانیا گەورە دیجیتاڵییەکان حوکمڕانی دەکەن، بەمەش کۆمپانیا گەورە دیجیتاڵییەکان دەست بەسەر دەسەڵات و هاووڵاتیانیشدا دەگرن.

٣. حکومەتێك بتوانێت لە ئاستێکی بەرزدا هاریکاری لەنیوان کاراکتەرەکانی دروست بکات (Super Collaborative Government).

ئەم پێشنیارەیان ڕاشکاوانە دەستی خستۆتە سەر ئەوەی کە لە ئێستای سیستمی حوکمڕانیی ڕۆژئاوادا هاریکاری و هەماهەنگی لە نێوان حکومەت و هاووڵاتی و خاوەن بەرژەوەندییەکان بوونی نییە. ئەم سێ کارەکتەرە کە بڕبڕەی پشتی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوون، پێویستی بەوەیە ئەو هاریکارییە ئاست بەرزە لەنێوان هەر سێ ئەکتەرکە دروست بکاتەوە.

٤. حکومەتێکی هاوبەشی مرۆڤ و تەکنەلۆژیا (Over Regulatocracy)

لەم جۆرە حکومەتە ڕاستە سیاسەتمەداران جڵەوگیری سیاسەتی بیرۆکراسیەتی حکومەت دەکەن، بەڵام ئەم جڵەوگیرییە لە میانەی کۆمەڵێك ڕێکخستنەوە دەبێت بە یارمەتیی تەکنەلۆژیا.

ئەم پێشەکییە پێویست بوو بۆ ئەوەی لەو کێشە گەورانە بگەین کە ئێستا ڕووبەڕووی حکومەتە پێشکەوتوو و سەرکەوتووەکانی جیهان بۆتەوە، لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ ئەوەی بە سەدان و هەزار دیراسەت و توێژینەوەی جۆراوجۆر کراوە، زیاتر ئۆباڵی شکستی سیاسەتی حوکمڕانی دەخرێتە ئەستۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی شۆڕشی پیشەسازیی چوارەم بەدەستی هێناوە، هەروەها لەسەرووی ئەمەشەوە گۆڕینی کەشوهەواش (Climate Change) هەر دەخرێتە ئەستۆی ئەو پێشکەوتنە، بەڵام وردە وردە بیرکردنەوە تازەکان ڕاشکاوانە دەست دەخەنە سەر برینەکە و ئاشکرای دەکەن، کە هەموو هۆکارەکانی ئەم کارەساتانەی ڕووبەڕووی سیاسەتی حوکمڕانی و سستیی ئەدای حکومەت دەبنەوە، ئەو هۆکارەیە کە سیستمە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا لە ئاراستە ڕاستەکەی خۆیان لایان داوە کە هاووڵاتی سەنتەری بیرکردنەوە و ئەدای حکومەتەکانیان بن، ئەمە کاریگەری لەسەر ئەوەش کردووە، کە دەوڵەتەکانی ئێستا نەتوانن لە چوارچێوەی ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان بگەنە ڕێگە چارەیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەیەکی گەورەی وەك گۆڕینی کەشوهەوا لەجیهاندا بدۆزنەوە.

**لە ئێستای سیستمی حوکمڕانیی ڕۆژئاوادا هاریکاری و هەماهەنگی لە نێوان حکومەت و هاووڵاتی و خاوەن بەرژەوەندییەکان بوونی نییە. ئەم سێ کارەکتەرە کە بڕبڕەی پشتی حوکمڕانیی باش و سەرکەوتوون**

**دەسەڵات بە تەنیا لە پەیوەندیی نێوان فەرمانڕەواو فەرمانپێکراو بەرجەستە نابێت، بەڵکو دەسەڵات لە پەیوەندیی هێزەکان لە میکانیزمی بەرهەمهێناندا بەرجەستە دەبێت**

### • کاتێك هاووڵاتی دەبێتە سەنتەر سیاسـەتی حوکمڕانـی کاردەکات و ئـەدای حکومـەت چـالاك دەبێـت

جیـل دلـۆز، کـە پێناسـەی بیرمەنـد دەکات، دەڵێـت: «بیرمەنـد ئـەو کەسـەیە کـە لەنـاو چەمکەکانـدا چەمکی تـازە بەرهـەم دەهێنێتـەوە و بـەو چەمکـە تازانـە کێشـەکان چارەسـەر دەکات.» لەسەر ئـەم بنەمایە سەدەی بیستەم وەك سەدەی میشـێل فۆکـۆ پێناسـە دەکات و جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە فۆکـۆ ئـەو توانایـەی پیشـان داوە و توانیویەتـی لـە بوارەکانـی (ئەرکۆلۆژیـای مەعریفـە و پەیوەندیـی نێـوان مەعریفـە و دەسـەڵات، مایکرۆ فیزیـای دەسـەڵات و.. هتـد) چەمکی تـازە دابهێنێت و ئەو چەمکە تازانـەش خزمەتـی کـۆی مرۆڤایەتـی بـکات و دەروازەیـەك بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانیان بکاتـەوە.

لەسـەر ئـەم بنەمایـە کاتێـك میشـێل فۆکـۆ لـە (مایکرۆ فیزیـای دەسـەڵاتدا) پێناسـەی دەسـەڵات دەکاتـەوە، ئـەو بـە تەواوەتـی ئـەو بۆچوونانـە رەتدەکاتـەوە کـە بیرمەندانـی پێـش خـۆی پێناسـەی دەسـەڵاتی دەوڵەتیـان پـێ کـردووە و گوتوویانـە (دەسـەڵات بریتییـە لـەو کۆنتراکتـەی نێـوان فەرمانـڕەوا و فەرمانپێکـراو «حاکـم و مەحکـووم»)، لەبەرامبـەردا دەڵێـت: دەسـەڵات بـە تەنیـا لـە پەیوەندیـی نێـوان فەرمانـڕەواو فەرمانپێکـراو بەرجەسـتە نابێـت، بەڵکـو دەسـەڵات لـە پەیوەندیـی هێـزەکان لـە میکانیزمـی بەرهەمهێنانـدا بەرجەسـتە دەبێـت، ئەم میکانیزمی بەرهەمهێنانەش لە ناو (خێزان، گرووپـە بچووکـەکان، دامـەزراوەکان و تـەواوی جەسـتەی کۆمەڵگـە) بەرجەسـتە دەبێـت. هـەر بۆیـە ئـەم چەمکـە ملکـەچ نابێـت بـۆ لۆژیکی (هەمـوو یـان هیـچ - Zero Sum)، بەڵکو چەمکی دەسـەڵات لەنـاو ململانێیەکـی بەردەوامدایـە، ئـەم ململانێیـەش بـە بەردەوامـی لـە گۆڕاندایـە، هەروەهـا ئـەو ململانێیانـەش کـە لەنێوان هێزەکانـدا هەیە و رووبەڕووی دەسـەڵات دەبنـەوە، بە رێگـەی تەوافـق و دانوسـتاندن و دیالۆگـەوە یەکلایـی نابنـەوە، بەڵکـو بـە باڵادەسـتبوونی ئامانجـی دەسـەڵات بەسـەر لایەنەکانـدا یەکلایـی دەبێتـەوە، بۆیـە بێجگـە لـە پەنابـردن بـۆ بەدامەزراوەییکـردن (Institutionalism) ململانـێ و پەیوەندیـی نێـوان هێـزەکان سـەقامگیری بەخۆیـەوە نابینێـت.

کەواتـە لـەم چوارچێوەیـەدا، فۆکۆ پێمان دەڵێت، دەسـەڵات بێجگـە لەپیادەکـردن و جێبەجێکردنـی کردەیـی بەرنامـەی حکومـەت شـتێکی دیکـە نییە، ئەو جا ئەو دەسـەڵاتە، یان ئەو حکومـەت و حوکمڕانیـە هـەر ناوێکـی هەبێـت.

دیـارە پەنابـردن بـۆ مایکرۆ فیزیـای دەسـەڵات، جەختکردنەوەیـە لـە توخمـە زۆر ورد و نەبینراوەکانـی نـاو کۆمەڵگـە کـە لەنـاو کۆمەڵگـەدا دەسـەڵاتێکی نەبینـراو دروسـت دەکات و دەچێتـە نـاو پەیوەندییـە سـتراتیژییەکان لـە چوارچێـوەی ململانێـی ژیانـی رۆژانەمـان، هـاوکات لەگـەڵ فۆکـۆ چەندیـن بیرمەنـدی دیکـە بیریـان لـێ کردۆتـەوە، هـەر بـۆ نموونـە بـۆ هەمـان ئـەو مەبەسـتەی فۆکـۆ (مایکرۆ فیزیـای دەسـەڵات)ی لەنـاو چەمکـەکان داهێنـاوە، ئـەوا (ئەمیتا ئیتزایۆن)ی بیرمەندی دیاری ئەمریکا (کۆمەڵگـەی چـالاك — The Active Society)ی وەك چەمکێکـی تـازە بەرهەمهێنـاوە، بـەڵام جیاوازیـی ئـەو چەمکـە لەگـەڵ چەمکەکـەی فۆکۆ ئەوەیە، ئەمیتا ئیتزایۆنی لە کۆمەڵگەی چالاکـدا (مایکرۆسیسـۆلۆجی) کار دەکات، واتـە دیـوە ورد و نەبینراوەکـەی کێشـەکانی کۆمەڵگـە، فۆکـۆ بـە مایکرۆپۆلیتێك کار دەکات، واتـە دیـوە ورد و نەبیرنراوەکـەی سیاسـەت و حوکمڕانـی. هەروەهـا (جـۆن راولز)یـش کـە ئەویـش هـەر بیرمەندێکـی دیـاری ئەمریکییـە و خاوەنـی چەمکـی (دادپـەروەری وەك ویـژدان - Justice as Fairness)ـە، راولـز لـەم چەمکـە تازەیـەدا لەسـەر ویژدان قسـە دەکات، وەك رووە ورد و نەبینراوەکەی دادپـەروەری، ئەویـش بـە هەمـان شـێوەی فۆکـۆ، جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە حوکمڕانیـی بـاش لـە چوارچێـوەی کۆنتراکتـی نێـوان فەرمانڕەوا و فەرمانپێکراو دروست نابێت، لەبەر ئـەوەی فێـڵ لـەو کۆنتراکتـە کـراوە، فەرمانـڕەوا چـاوی کراوەیـە و قازانجـی کۆنتراکتـە دەبینێـت، بۆیـە دەبێـت ئـەم کۆنتراکتـە بخرێتـەوە ژێـر پـەردەی نەزانـی (حجـاب الجهـل) و نابێت هیچ لایەنێکـی کۆنتراکتـە بزانـن کـە لـە ئەنجامـی ئـەم کۆنتراکتـە کامیـان سـوودمەند، یـان زەرەرمەنـد دەبـن، لەمـەش زیاتـر راولـز دەستنیشـانی ئـەو فاکتـەرە ورد و نەبینراوانـە دەکات کـە هۆکارەکـەی

**دەسەڵات بێجگە لەپیادەکردن و جێبەجێکردنی کردەیی بەرنامەی حکومەت شتێکی دیکە نییە، ئەو جا ئەو دەسەڵاتە، یان ئەو حکومەت و حوکمڕانیە هەر ناوێکی هەبێت**

**زیرەکیی توێژەر، یان چاودێر لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت کە لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەتی وڵاتی خۆیدا، هەوڵبدات فاکتەرە لۆکاڵەکان بدۆزێتەوە**



سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و بازاڕی ئازادە و، پۆلێنی مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ دەکاتەوە و داوا دەکات ئەمانە پێویستە دابین بکرێن، نەك بکەونە نێوان بەرداشی ململانێی بازاڕەوە.

دیارە ئاماژەکردنمان بۆ هەوڵەکانی ئەم دوو سێ بیرمەندە، مانای ئەوە نییە کە تەنیا بەس ئەمانە لەسەر ئەم پرسە قسەیان کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەم بیرمەندانە سەرقافڵەی بیرکردنەوەی ئەو کێشانەن کە رەگەکانی پێش ٥٠ ساڵ لەناو کۆمەڵگەی رۆژئاوا سەریان هەڵدەوە کە ئەویش رەگی دروستبوونی (نادادپەروەری و نایەکسانی)یە. لەم چوارچێوەیەدا ئاراستە و شێوازی بیرکردنەوەی ئەو بیرمەندانە بۆ شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکانی سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەت، فێری ئەوەمان دەکات، پێش ئەوەی بە میتۆدی ماکرۆپۆلتیك، یان ماکرۆسیسیۆلۆژی، یان دادپەروەری و بێ ویژدانی، هەڵسەنگاندن بۆ حوکمڕانی و حکومەت بکەین، ئەوا دەبێت بەدوای ئەو فاکتەرە ورد و نەبینراوانەدا بگەڕێین کە دەبنە فاکتەری شکستی حوکمڕانی، یان سستی و لاوازیی ئەدای حکومەت، بەڵام ئەوەی کە پێویستە هەڵوەستەی وردی لەسەر بکەین ئەوەیە کە چۆن (تیب ئۆنێڵ) راشکاوانە دەڵێت: هەموو سیاسەتێك لۆکاڵە. All Politics is Local)، ئەوا لەسەر هەمان ئاراستە هەموو فاکتەرە ورد و نەبینراوەکانی (سیاسەت و سیسیۆلۆژی و ویژدانیش هەر لۆکاڵن) فاکتەری هیچ کۆمەڵگەیاەك لەوی دیکە ناچێت، بۆیە زیرەکیی توێژەر، یان چاودێر لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت کە لە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەتی وڵاتی خۆیدا، هەوڵبدات فاکتەرە لۆکاڵەکان بدۆزێتەوە، هەر بۆیە کاتێك بە شێوەیەکی گشتی باس لە گرنگیی بوون بە سەنتەری هاووڵاتی دەکەین لە سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەتدا، ئەوا بە شێوەیەکی گشتگیرانە ئەو فاکتەرانە دەخەینەڕوو کە هاووڵاتی بەهای

**ئێستا هاووڵاتیانی ئەمریکی لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ترەمپ رازین و توانیویەتی لە ئاستێکی بەرزدا وەڵامی خواستی هاووڵاتیانی خۆی بداتەوە کە ئەویش دابینکردنی هەلی کار بووە**

خۆی لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتی حوکمڕانییە و لە ئەدای حکومەتدا بە شێوەیەکی گشتی دەبینێتەوە، بەڵام کاتێك ئەمە ورد بکەینەوە بۆ حوکمڕانی، یان حکومەتێکی تایبەت، ئەوا دەبێت دەستبەرداری ئەو گشتگیریە ببین و بگەڕێینەوە بۆ فاکتەر لۆکاڵەکان.

ئەوەی لەم ئاراستەیەدا ناچاری کردووین، کە بە شێوەیەکی گشتگیر لەسەر ئەم پرسە رابوەستین، ئەوەیە کە وەرچەرخانی سیستمی دیموکراتی لیبراڵی رۆژئاوا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخەوە بۆ ئاراستەیەکی گلۆبالی، بۆتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتی لەناو هیچ سیستمێکی حوکمڕانیی رۆژئاوا و هەموو ئەو دەوڵەتانەشی کۆپی سیستمەکانی رۆژئاوا دەکەنەوە، سەنتەر نەبێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم ئاراستە هەڵەیەی لەناو سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و هەروەها سیستمی لیبراڵیی جیهانی دروست بووە، پەتایەکی کوشندەی گشتگیری دروست کردووە کە دەکرێت وەك جۆن میرشامیر لە کتێبەکەیدا بەناوی (وەهمی گەورە: خەونی لیبراڵی و هەقیقەتی نێودەوڵەتی -Great Delusion: Liberal Dreams and International Realities) ئاماژەی پێ کردووە، پەیوەندی و هاوسەنگیی نێوان هەر سێ چەمکی (تاکگەرایی، ناشنالیزم، واقیعییەت)ی تێکداوە، ئەمەش بەو مانایەی لە کاتێکدا نەتەوە لەناو دەوڵەتیکدا هەست ناکات نەتەوەیەکی ئازادە، چۆن رۆژئاوا هەوڵدەدات تاکگەرایی بەسەردا بسەپێنێت، لەکاتێکدا پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان سیاسەتی واقیعی رێکی دەخات، چۆن دەوڵەتانی رۆژئاوا هەوڵدەدەن، سیستمی سیاسیی خۆیان بەسەر ئەو دەوڵەتە فەرز بکەن. ئەم ئاراستەی خۆسەپاندنەی رۆژئاوا بۆ دیارکردنی شێوازی حوکمڕانیی نەتەوە جیاوازەکان، تەنیا کاریگەری نەرێنی لەسەر دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو نەبووە، هەروەها بە لابردنی سەنتەربوونی هاووڵاتی لەناو حوکمڕانی و حکومەتەکانی خۆیاندا، فاکتەرە ورد و نەبینراوەکانی ناو کۆمەڵگەکانی خۆیان تەنیا حوکمڕانی و حکومەتەکانی لەناوخۆی وڵاتەکانی خۆیاندا لەبەریەك هەڵنەوەشاندۆتەوە، بەڵکو ئەو سیستمە جیهانییەشی کە بە ناوی (سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی) شانازییان پێوە دەکرد، ئەویش لەناو خۆیدا لەبەریەکیان هەڵوەشاندۆتەوە. هەر بۆ نموونە: ئێستا لەسەر ئاستی کۆنگرەیەکی گەورەی وەك کۆنگرەی میونشنی ساڵی رابردوو خۆیان کردبوویان بە ناونیشانی کۆنگرە کە دەڵێت: (گەورەترین لوغز: کێ دەتوانێت جارێکی دیکە پارچەکانی رێکبخاتەوە. The Great Puzzle: Who Will Pick Up the Pieces?).

**لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئەمریکی لەسەر ئاست سیاسەتی ناوخۆ سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا نەیتوانیوە وێنای دەوڵەتێکی بەهێز بکات**

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا حکومەتەکانی رۆژئاوا (بە ئەمریکاشەوە) هەوڵیانداوە، لەم ئاراستە گلۆبالییە بێنە دەرەوە و بگەڕێنەوە بۆ چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییە هاوچەرخەکانی خۆیان؟ لەسەر ئەم ئاستە، ئەوەی تا ئێستا بە پلەی یەکەم زۆر بەرچاوە، ئیدارە سەیرەکەی دۆناڵد ترەمپە کە بەشێکی زۆری بیرمەند و توێژەرانی جیهانی لە ئاستیدا سەرسام بوون و نازانن ئەم وەرچەرخانە ١٨٠ پلەییەی ترەمپ بەرامبەر بە سیستمی سیاسیی ناوخۆی وڵاتەکەی، هەروەها بەرامبەر بە سیستمی جیهانی و تەواوی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییانە هەیەتی کە بەرهەمی ٧٠ ساڵی رابردووی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتین، ئایندەی ئەمریکا و جیهان بەرەو کوێ دەبات؟ بەڵام ئەوەی کەمتر ئاماژەی پێ دەکرێت، ئەوەیە کە ئێستا هاووڵاتیانی ئەمریکی لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی ترەمپ رازین و توانیویەتی لە ئاستێکی بەرزدا وەڵامی خواستی هاووڵاتیانی خۆی بداتەوە کە ئەویش دابینکردنی هەلی کار بووە، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپاش بەریتانیای مەزن، ئەویش هەنگاوێکی گەورەی هەڵگرتووە بە دەرچوون لە یەکێتیی ئەورووپا، بەڵام لەناو کۆی دەوڵەتانی دیکەی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپادا، تەوژمێکی تازە دەرکەوتووە و لە هەڵکشاندایە کە ئەویش دەستبەرداربوونە لە گلۆبالیزم. بەڵام دوو دەوڵەتی سەرەکی کە (ئەڵمانیاو فەرەنسا)ن و خۆیان بە خاوەنی بیرۆکە و دامەزرێنەری یەکێتیی ئەورووپا دەزانن، هەتا ئێستا حکومەتەکانیان پێداگری لەم رەوتە گلۆبالییە دەکەن، بەڵام لەسەر ئاستی میللی هەنگاوەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن کە بۆشایی زیاتر لە نێوان هاووڵاتییان و حکومەتەکانیان بێتە ئاراوە. بۆیە هەر لە

ئێستاوە چانسی ماکرۆن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی فەرەنسا بە باشی نابینرێت و هەست دەکرێت ماری لۆپن لە هەڵکشاندایە.

هەموو ئەم لەبەریەکهەڵوەشان و شکستی سیاسەتی حوکمڕانی و سستی و لاوازیی ئەدای حکومەتەکان لە بۆشایی نێوان دەسەڵات و هاووڵاتی بەرجەستە دەبێت و چارەسەرەکەشی هەتا ئێستا کە بیرمەندان و توێژەران جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوەیە کە دەبێت جارێکی دیکە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی بەو ئاراستەیە خۆی رێک بخاتەوە کە هاووڵاتی سەنتەری مەزندە و بیرکردنەوە و بڕیاردروستکردنی ناو سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەتەکانیان بێت.

## ● کابینەی نۆیەمی حکومەتی هاووڵاتیان بوونی هاووڵاتی بە سەنتەر لە پرۆسەی حوکمڕانیدا

لەو رۆژەوەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا بەرنامەی کابینەکەی راگەیاندووە، جەختی لەسەر یەك پرسی سەرەکی کردۆتەوە، ئەویش بوونی هاووڵاتییە بە سەنتەری بەرنامەی حکومەت و نەهێشتنی بۆشایی لە نێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش هەر لە دەستپێکی کارکردنیەوە رایگەیاندووە، ئەم حکومەتە حکومەتی تەواوی هاووڵاتیانی کوردستانە و وەزیرەکانیش وەزیری ئەم حکومەتەن و وەزیری لایەنە سیاسییە بەشدارەکانی ناو حکومەت نین.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە، بەسەنتەرکردنی هاووڵاتی لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا، گرێ بدەینەوە بەو دروشمەی پارتی دیموکراتی کوردستان (کوردستانێکی بەهێز) کە پێی چووە ناو هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی ٢٠١٨ و ئەو پرسیارە بکەین: ئایا بوونی هاووڵاتی بە سەنتەر لە بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، ئەو بەڵێنەی هەڵبژاردن (کوردستانێکی بەهێز) دێنێتەدی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەشەی بۆ دەکرد.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لێرەدا هەندێك لە (کوردستانێکی بەهێز) بۆ شرۆڤەی باسەکەمان دوور دەکەوینەوە و دەپرسین: ئایا مانای چەمکی (دەوڵەتی بەهێز) لە زانستی سیاسەتدا چی دەگەیەنێت؟ ئایا دەوڵەتی بەهێز ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە لە هەموو رووبەکەوە مانای بەهێزیی دەوڵەتی تێدایە وەك:

١. ئەمریکا خاوەنی ٢٠٪ی ئابووریی جیهانە.
٢. سوپایەکی گەورە و بەهێزی ئەوتۆی هەیە کە پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیای سەربازی لەبەردەستە.
٣. خاوەنی بەشی هەرە زۆری پێشکەوتنە خێراکانی شۆڕشی تەکنەلۆژیی چوارەمە.
٤. بەشی هەرە زۆری هێزی نەرم، وەك (زانکۆ و زانست، فیلم، پەیکەری ئازاد و.. هتد) هی ئەمریکان.
٥. ئەمریکا بە هەردوو ئۆقیانووسی (ئەتڵەسی و ئارام) دەورە دراوە، کە ئەم دوو ئۆقیانووسە بەشێکی گەورەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا پێکدەهێنێت.
٦. بەشی هەرە زۆری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە بارەگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە لەسەر خاکی ئەمریکان.

ئەمانە و چەندین خاڵی دیکەی بەهێزیش، بەڵام ئایا ئەمریکا وەك دەوڵەتێکی بەهێز توانی سەرکردایەتیی جیهان بکات و ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا دروست بکات؟ بێگومان وەڵامی واقیعییانە پێمان دەڵێت: نەخێر، نەك هەر نەیتوانیوە سەرکردایەتیی جیهان بکات، بەڵکو نەیتوانیوە ئاسایشی نەتەوەیی خۆیشی لەسەر خاکەکەی خۆی بپارێزێت و دوو ئۆقیانووسەکە نەیانتوانیوە ببنە بەربەست بۆ پەڕینەوەی تیرۆر بۆ ناو ئەمریکا.

ئەمە چیمان پێ دەڵێت؟ بێگومان پێمان دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئەمریکی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ سەرکەوتوو نەبووە، ئەوا نەیتوانیوە وێنای دەوڵەتێکی بەهێز بکات.

لەبەرامبەردا ئەگەر دەوڵەتێکی بچکۆلەی وەك سەنگافورا بە نموونە بهێنینەوە، کە لەوانەیە هەر هێندەی یەك دوو گەڕەکی ویلایەتی نیۆیۆرك بێت، دیارە دەوڵەتی سەنگافورا نەك بەراورد بە ئەمریکا، بەڵکو

**بوونی هاووڵاتی بە سەنتەر لە بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانیدا، وەڵامدانەوەی راستگۆیانەی حکومەتە بۆ خواست و داوای هاووڵاتیان**

**کێشەی سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەکی گشتی ئەوە بووە، هەتا ئێستا حزبەکان سەنتەری بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی بوون لە کوردستاندا**

**لەگەڵ ئەوەی تائێستا بێجگە لە ڕەهەندە گشتییەکانی بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی بەو ئاستە دەرنەکەوتووە، بەڵام هاووڵاتی هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی دەکات و ئامادەیە ئەو تۆڕە پتەوەی هاوکاری پشتگیری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات**

لەوانەیە بەراورد بە دراوسێکانی خۆیشی سوپایەکی ئەوتۆی نەبێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئابوورییەکی زۆر باشی هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی ئابووریی جیهان و بەراورد بە ئابووریی ئەمریکا و دەوڵەتانی گەورەی زلهێز، ئابوورییەکەشی لەسەر ئاستی جیهان کاریگەری نییە، بەڵام دەوڵەتی سەنگافورا لە ساڵی رابردوو توانی میوانداریی کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان (دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا و کیم جۆن ئۆی سەرۆکی کۆریای باکوور) بکات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا پێگەی دەوڵەتی سەنگافورا لەسەر ئاستی متمانە و شکۆی نێودەوڵەتی لە دەوڵەتانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش گەورەتر و بەهێزتر نییە؟ بێگومان سەنگافورا ئەم بەهێزییەی لەوەوە وەرگرتووە کە توانیویەتی حکومەتێکی باش و سەرکەوتوو پیشکەشی جیهان بکات و جیهان لە زۆر بواردا سوودی لە ئەزموونی سەنگافورا وەرگرتووە.

لەم روانگەیەوە کە ئێستا تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هەرێمێکی شکستخواردوو لە قەڵەم دەدرێت و هەموو پرۆسەکانی بونیادنانەوەی دەوڵەت تیایدا شکستی هێنا بێت، ئایا دروستکردنی کوردستانێکی بەهێز بە بەرنامەی کابینەی نۆیەم، خۆی بەرجەستە ناکات کە تیایدا بە هاوشێوەی دەوڵەتە بەهێزەکان لەسەر ئاستی جیهان هاووڵاتی دەکاتە سەنتەری بەرنامەی حوکمڕانی و سیاسەتی حوکمڕانی؟

کەواتە ئەم بەرنامەیەی کابینەی نۆیەم بە وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی هەرسێ فاکتەری ورد و نەبینراوی (سیاسەت و سیسۆلۆژی و ویژدان) داڕێژدراوە و ئەم حکومەتە جەخت لەسەر ئەو فاکتەرە ورد و نەبینراوانە دەکاتەوە کە هاتوونەتە ناو ستراتیژیەتی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان و چارەسەریشیان تەنیا بە گێڕانەوەی متمانە لە نێوان هاووڵاتی و حکومەت چارەسەر دەبێت.

ئەندریاس ڤایمەر لە دوایین کتێبیدا بە ناونیشانی: (بونیادنانەوەی نەتەوە . بۆچی هەندێك نەتەوە شکشت دەهێنن و ئەوانی دیکە هاوشان دەڕۆن؟) کۆمەڵێك توێژینەوەی بەراوردکاریی کردووە لە نێوان سیستمە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە بەراوردی لە نێوان چەند دەوڵەتێك کردووە (بتسوانا و سۆماڵ) لە ئەفریقیا، (بەلجیکا و سویسرا) لە ئەوروپای رۆژئاوا، (رووسیا و چین) وەك دوو دەوڵەتی گەورە و ئەندامی هەمیشەی ئەنجومەنی ئاسایش، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم توێژەرە جیهانییە شێوازی بەراوردکردنەکەی لەسەر ئاستی دەوڵەتی گەورە و بچووك نەکردووە، بەڵکو لەسەر ئاستی هەستی هاووڵاتیبوون لەناو دەوڵەتدا جەختی کردۆتەوە، بۆیە خاڵی سەرەکی لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەی سەرکەوتووی گرێ داوەتەوە بەوەی کە تاچەند هاووڵاتی لەناو دەوڵەتدا هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی دەکات و تا چەند ئەم هەستە وای لێ دەکات، تۆڕێکی پتەوی پەیوەندی و پشتگیری لەگەڵ حکومەتی خۆی دروست بکات، لەسەر ئەم پرسە و لە بەرارودی نێوان (بتسوانا و سۆماڵ) ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێستا زۆر لە توێژەران کە بەراوردی نێوان سۆماڵ و بتسوانا دەکەن، سەرکەوتنی بتسوانا بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە نەتەوەیەکی هاموجینین، ئەمە لە کاتێکدا ئەو هۆزە جیاوازانەی لە سۆماڵ هەن، زیاتر لە بتسوانان هەن، بەڵام چی وای کردووە کە بتسوانا وەك نەتەوەیەکی یەکگرتوو دەربکەوێت و سۆماڵ وەك نەتەوەیەکی شکستخواردوو، بێگومان ئەوەیە کە لە بتسوانا، هاووڵاتی سەنتەری مەزندەی بیرکردنەوە و بڕیاردروستکردنی پرۆسەی حوکمڕانییە، بەڵام لە سۆماڵ لەنێوان هاووڵاتی و دەسەڵات بۆشایەکی گەورەیە هەیە، سەبارەت بە بەلجیکا و سویسرا دەپرسێت، ئەو نەتەوە جیاوازانەی لە بەلجیکا هەن، بە هەمان شێوە لە سویسراش هەن، بەڵام بۆ لە سویسرا نەتەوە جیاوازەکان خۆیان بە هاووڵاتی سویسرا دەزانن، بەڵام لە بەلجیکا فلامییەکان خۆیان بە هاووڵاتی بەلجیکا نازانن.


پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا بوونی هاووڵاتی بە سەنتەر لەناو بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی، پەیامێك، یان گوتارێکی سیاسییە، یان پەیامی وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك و دابینکردنی خزمەتگوزاری و هەوڵدانە بۆ خۆشگوزەرانی؟ دیارە ئەگەر



وەڵامی ئەم پرسیارە لە مێژووی هەموو پرۆسە سەرکەوتووەکانی بونیادنانەوەی نەتەوە لە جیهاندا وەربگرین، ئەوەیە کە بوونی هاووڵاتی بە سەنتەر لە بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانیدا، وەڵامدانەوەی راستگۆیانەی حکومەتە بۆ خواست و داوای هاووڵاتیان، هەر بۆیە ئێستا ئەگەر بەراوردێک لەنێوان هاووڵاتییەکی تایوان و هاووڵاتیەکی کۆماری چیندا بکەین، دەبین هێندەی هاووڵاتییەکی تایوان هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی دەکات و ئامادەیە براندی نیشتمانیی خۆی بپارێزێت، هێندە هاووڵاتییەکی چینی هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی ناکات، هەر بۆیە بیر لە پاراستنی براندی نیشتمانیی خۆی ناکاتەوە و ئامادەیە لەپێناو بەرژەوەندییەکی کەمی خۆیدا براندی نیشتمانیی خۆی بشکێنێت و بە هەموو شێوەیەك گەندەڵی لە کارەکەیدا بکات.

کێشەی سیاسەتی حوکمڕانی و ئەدای حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا، بە شێوەیەکی گشتی ئەوە بووە، هەتا ئێستا حزبەکان سەنتەری بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی بوون لە کوردستاندا، هەر بۆیە لەو کاتەی هەرێمی کوردستان لە قۆناخی گەورەترین پرۆسەی بونیادنانەوە و وەبەرهێنان بووە، لە هەموو کاتێك لاوازتر بووە، بەڵام لە ئێستادا لەبەر ئەوەی هاووڵاتی بۆتە سەنتەر بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی لە کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی تائێستا بێجگە لە رەهەندە گشتییەکانی بەرنامەی حکومەت و سیاسەتی حوکمڕانی بەو ئاستە دەرنەکەوتووە، بەڵام هاووڵاتی هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی دەکات و ئامادەیە ئەو تۆڕە پتەوەی هاوکاری پشتگیری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات، لەم حاڵەتە ئەگەر ئیمکانیەتی بەردەستی حکومەت زۆر دیاریکراو و سنوورداریش بێت، بەڵام کوردستان لە هەموو کاتێك بەهێزتر دەردەکەوێت.

# حیکمەتێکی گەورەیە هەرێمی کوردستان بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئێمە



*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی جددی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی یەکڕیزی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و تەواوی پێکهاتەکانی کوردستاندا دروست بکات، بۆ ئەوەی بە یەکدەنگی و یەکگرتوویی وەك گەلی کوردستان مامەڵە لەگەڵ پێشهاتە تازەکانی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا بکرێت، ئایا ئێوە چۆن بارودۆخی سیاسیی ئێستای عێراق دەخوێننەوە و تاچەند ئەم هەنگاوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ یەکگوتاری و یەکڕیزیی گەلی کوردستان گرنگە؟**

- ئەو کاتەی جەنابی نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستبەکار بوو، لە هەموو لایەکەوە ئەم هەرێمە دوچاری کێشە ببوو، هەم کێشەی سیاسیی ناوخۆ، هەم کێشە لەگەڵ حکومەتی ناوەند، هەم کێشە هەبوو لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر و هەم ئەو برینانەی کە داعش لە جەستەی خەڵکی هەرێمی کوردستان دروستیان کردبوو، هێشتا سارێژ نەببوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەنابیان بە حیکمەت و توانای خۆی و بەهۆی ئەو ئەزموونەی دەیان ساڵە لە حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان هەیەتی، توانی تا ئاستێکی زۆر باش سەرکەوتوو بێت و بچێتە پێشەوە، هاوکات زۆر داکۆکیکار بووە بۆ هاتنەدی ماف و داهاتووی هەموو خەڵك و پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە من لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم ئامادە بووم، دیتم سەرۆکی هەرێم ئەوەندەی لە

رۆمیۆ هەکاری
سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بیت نەهرێن و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئامادەییەکی باش هەیە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە و لەم رووەوە هەنگاوی باش نراوە

**هەرێمی کوردستان وەك هەرێمی تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکان بە جیاوازیی ئایینی و نەتەوەکانییانەوە ناسراوە، ئەمەش تەنیا لە سەر چوارچێوەی درووشم و لێدوان نەماوەتەوە، بەڵکو هەنگاوی جددی لەم ڕووەوە هەڵگیراوە، بەتایبەتی کە دەبینین سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان بەشدارن لە دامەزراوەکاندا، بە حکومەت و پەرلەمانەوە، بۆ تاوتوێکردنی گرنگیی ئەم پرسە بۆ پتەوکردنی زیاتری پێکەوەژیان و یەکڕیزی و تۆکمەکردنی گیانی هاوکاری لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکاندا، گوڵان گفتوگۆکەیەکی لەگەڵ رۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بیت نەهرێن و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا، لێرەدا پوختەیەکی دیارەکە دەخەینەروو.**

خەمی ئەوە بوو کە حزب و لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوو بن لەپێناو جێبەجێکردنی مافەکانی هەرێم و خەڵکەکەی لە بەغدا، ئەوەندەش خەمخۆر و پەرۆشی ئەوە بوو کە سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکان یەکڕیز و یەکدەنگ بن، لە بەغداش فراکسیۆنێکی کوردستانیی یەکگرتوو دروست بکەن، بۆ ئەوەی تەعبیر لە سەرجەم خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەن، تاوەکو بتوانن ئەو کێشانەی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، بەتایبەتی مەسەلەی بودجە و کێشە هەڵواسراوەکانی دیکە چارەسەر بکرێت، هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئێمە پشتیوانیی خۆمان لەسەر بیروبۆچوون و هەوڵەکانی جەنابیان دووپات کردەوە کە سەرکەوتوو بێت لە چارەسەری کێشەکاندا، چونکە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەنگاوێکە و ئاسانکاری دروست دەکات بۆ چارەسەری کێشە سیاسی و ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان، لەلایەکی دیکەوە پێمانوایە جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جوان و نوێی حوکمڕانیی هێناوەتە هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێت و پێویستە هەموومان پشتیوانی لێ بکەین.

*** کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هێشتا لە سەرەتادایە و تەنیا چەند مانگێکە دەست بەکاربووە، بەڵام هێڵە گشتییەکانی بەرنامەکەی و هەنگاوەکانی بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، جۆرێك لە ئومێد**

**و گەشبینیی لای خەڵکی کوردستان دروست کردووە، ئێوە وەك بەشێك لە پڕۆسەی سیاسیی کوردستان، چۆن سەیری بەرنامەی کابینەی نۆیەم و هەنگاوە سەرەتاییەکانی دەکەن؟**

- من پێموایە یەکەمین هەنگاوی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تەعبیر لە داخوازیی سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکات، پێشتریش داخوازییەکی سەرتاسەریی خەڵکی کوردستان بووە، ئەویش مەسەلەی چاکسازی و باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیە لەوێوە ئەم کابینەیە دەستی بە کارەکانی کرد، لە یەکەم کۆبوونەوەی تاتوێکردنی یاسای چاکسازیدا بەشدار بووم، هەستم کرد کە جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چەند خەمخۆر بوو بۆ ئەوەی ئەم یاسایە بە زووترین کات گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بدرێتە پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێت، تا بچێتە بواری جێبەجێکردن، بۆ ئەوەی دەست بە سووککردنی موعاناتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەتایبەتی لە رووی ئابوورییەوە، ئەویش بۆ نموونە بە رێکخستنەوەی مووچەی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و رێکخستنەوە و پێداچوونەوە بە مووچەی خانەنشینان، بەتایبەتی مووچەی ئەو خانەنشینانەی کە بەسەدان هەزار کەس هەیە موستەهەق نین و خانەنشین کراون، تاوەکو لە رێگای یاسای چاکسازییەوە بتوانرێت سەر لەنوێ پێداچوونەوە و رێکخستن بە لیستی خانەنشینانی هەرێمی کوردستاندا بکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی باشترکردنی باری گوزەرانی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆکاری سووککردنی باری سەرشانی حکومەتی هەرێم لە رووی دارایی و ئابوورییەوە، بۆیە پێموایە چاکسازی هەنگاوێکی زۆر گرنگ و باشە و سەرکەوتووش دەبێت و ئەوەی هەستی پێ دەکرێت ئەوەیە کە کابینەی نۆیەم لە خەمی ئەوەدایە یاسای چاکسازی بچێتە بواری جێبەجێکردن، هاوکات هەموو فراکسیۆنەکانی بەشداربوو لە حکومەتدا لە خەمی ئەوەدان ئەو یاسایە تێپەڕێندرێت و کاری خۆی بکات، چونکە یاسای چاکسازی لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستانە. سەبارەت بە راگرتن و بنبڕکردنی گەندەڵی ئەوە پرۆسەیەکە راستە دەبێت پەلەی لێ بکرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو پرۆسەیە پێویستی بە کاتە، بۆیە بێگومان کاتێکی باشی دەوێت، ئەگەرچی هونەر لەوەدایە کە نیازپاکی و ئامادەگییەکی باش و زۆر بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی لەلایەن کابینەی نۆیەم و جەنابی سەرۆکی حکومەتەوە هەیە و هەنگاوی باش نراوە بۆ رێگەگرتن و بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە، بەڵام ئەو پرۆسەیەش پێویستی بە یاسایەك هەیە و لە چەند ساڵی رابردووی حوکمڕانیدا گەندەڵی کراوە و لەوانەیە لە حوکمڕانیدا هەڵەی ئیداری هەبێت کە ببێتە هۆکاری گەندەڵی، بەڵام کابینەی نۆیەم گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە دەبێت لەم چوار ساڵەی داهاتوودا دەست بە ریشەکێشکردنی گەندەڵی بکرێت، بۆ سەرکەوتنی ئەو کارەش دەبێت خەڵکیش هۆشیار و هاوکار و یارمەتیدەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بن. بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی جددی لەلایەن کابینەی نۆیەمەوە هەڵگیراوە، بۆیە دەبێت هەموو لایەن و خەڵك و پێکهاتەکان پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو کار و پڕۆسەیە سەرکەوتوو بێت.

*** لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە تەنیا لە هەرێمی کوردستاندا پێکهاتە جیاوازەکان بە گشتی و نەتەوەی کلد و ئاشووری بەتایبەتی هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکەش کریستیانەکان دێنە ئێرە و لێرە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، ئایا تاچەند ئەم کەشوهەوای پێکەوە ژیان و فرەییە لە سەر ئاستی کلدان و ئاشووری و سریان لە ناوچەکە و جیهان رەنگدانەوەی هەیە؟**

- بێگومان ئەوە حیکمەتێکی گەورەیە کە منێکی کلدو ئاشووری بڵێم هەرێمی کوردستان بۆ من پەناگەیەکی ئارامە و بتوانم ژیانی تێدا بەسەربەرم، ئەمە کارێکی باشە یەکەمجار بۆ هەرێمی کوردستان پێش ئەوەی بۆ منێکی کلدو ئاشووری باش بێت، هەروەها ئەو پێکەوەژیان و لێبوردەیی و ئاشتییەی لەنێوان پێکهاتەکاندا لە هەرێمی کوردستان هەیە، واقیعێك و راستییەکە. لەدوای رووخانی رژێمی

**جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جوان و نوێی حوکمڕانیی هێناوەتە هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێت و پێویستە هەموومان پشتیوانی لێ بکەین**

**لە یەکەم کۆبوونەوەی تاتوێکردنی یاسای چاکسازیدا بەشدار بووم، هەستم کرد کە جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چەند خەمخۆر بوو بۆ ئەوەی ئەم یاسایە بە زووترین کات گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بدرێتە پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێت**

**کابینەی نۆیەم گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە دەبێت لەم چوار ساڵەی داهاتوودا دەست بە ریشەکێشکردنی گەندەڵی بکرێت، بۆ سەرکەوتنی ئەو کارەش دەبێت خەڵکیش هۆشیار و هاوکار و یارمەتیدەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بن**

**ئەو کارە تیرۆریستییە زیاتر لە ١٦ ساڵە لەم شار و شوێنانەی عێراق دەرهەق بە ئێمە دەکرێت، بەڵام هەموو ئەو خەڵك و ئاوارانە وەکو پەناگەیەکی ئارام ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە**

سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ گرووپە توندڕەوەکان لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا دەستیان کرد بە ڕاونان و تیرۆرکردنی خەڵکی ئێمەی کلدو ئاشووری و سریانییەکان، تاوەکو ئەو نەتەوەو ئایینانە ریشەکێش بکەن و موڵك و ماڵیان زەوت بکەن، ئەو کارە تیرۆریستییە زیاتر لە ١٦ ساڵە لەم شار و شوێنانەی عێراق دەرهەق بە ئێمە دەکرێت، بەڵام هەموو ئەو خەڵك و ئاوارانە وەکو پەناگەیەکی ئارام ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، هەر چەندە هەندێك لەو ئاوارانە هەرێمی کوردستانیشیان بەجێهێشت و بەرەو دەرەوەی وڵات ڕۆیشتوون، پێموایە هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە پاراستنی پێکهاتەکان و مافەکانیان و خەڵکی خۆمان دڵنیا دەکەمەوە کە ماف و داهاتوویان لە هەرێمی کوردستان پارێزراو دەبێت، چونکە لە هەرێمی کوردستان هیچ جیاوازییەك لەنێوان پێکهاتەکاندا ناکرێت و هەموومان لە مومارەسەکردنی ژیان بە شێوەیەکی یەکسان ئاسوودەین، هەرێمی کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتووی پێکەوەژیان و لێبوردەییە و نموونەی زۆر کەمە لە ناوچەکە و لە هەموو دنیاش، هەر بۆیە لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت و سەرنجی دنیای ڕاکێشاوە، بەشداریی چالاکانەی نوێنەری پێکهاتەکانە لە پەرلەمان و حکومەت و هەموو جومگە و دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش وایکردووە کە پێکهاتەکان زیاتر هەوڵبدەن کە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بێت و بەرەوپێشەوە بچێت، تاوەکو زیاتر خزمەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکرێت و زیاتر گوزەران و بارودۆخی ژیانی خەڵك باشتر و ئاسوودەتر بکرێت، بێگومان ئەمەش هونەرە و کارێکی گرنگ و گەورەیە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوادارم لەم کارو ئیشانە هەر بەردەوام بێت، تاوەکو زیاتر پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان بەرەوپێشەوە بچێت و پێویستە پێکهاتەکانیش بە هەمان شێوەی حکومەت لە خەمی بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی ئەو پێکەوەژیانە بن کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە.

*** یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان نووسینەوەی دەستووری کوردستانە، دیارە پێکهاتەکان بەگشتی و نەتەوەی کلدو ئاشووریش مافی خۆیانە کە مافەکانی خۆیان لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا تۆمار بکەن، ئایا چۆن سەیری نووسینەوەی دەستووری ئایندەی کوردستان دەکەن و تاچەند بەشداری ئەم پرۆسەیە دەبن، بۆ ئەوەی مافەکانی خۆتان دیاری بکەن؟**

- ئێمە لێرەوە داوا دەکەین لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا دەستووری هەرێمی کوردستان یەکێك بێت لەو پرۆژانەی بێتە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسند بکرێت، تاوەکو ئێمەش وەك خەڵکانی دیکە و وڵاتانی دیکە و هەرێمەکانی دیکە لە دنیادا دەستوورمان هەبێت و لە چوارچێوەی ئەم دەستوورەوە حوکمڕانیی وڵاتی خۆمان بکەین، بە مەرجێك ماف و داهاتووی هەموو خەڵکی کوردستان لە دەستوورەکەدا پارێزراو بێت، ئێمە وەك کلدو ئاشووری پێمانوایە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بەراورد بە دەستووری هەمیشەیی عێراق زۆر باشترە و جیاوازییەکی زۆری لە ڕووی پارێزگاریکردن، پێدان و جێگیرکردنی ماف و داهاتووی پێکهاتەکان هەیە، ئێمە بە حوکمی ئەوەی نوێنەری کلدو ئاشوورییەکان بووین لە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان و بۆ چەند مانگێکیش بە بەشداری چەند لایەنێکی دیکە لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بەشدار بووم، کە بە چاوی خۆمان بینیمان جیاوازیی نێوان تەعامولکردنی لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و لەگەڵ لێژنەی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان چەند زۆر بوو، لە لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا زۆر بە زەحمەت دەمانتوانی بچووکترین باس لە مافی خۆمان وەکو نەتەوە و ئایینێکی جیاواز بکەین، بەڵام بینیمان کە شاندی کورد و کوردستانی لە بەغداش زۆر پشتگیرییان لە چەسپاندنی مافی ئێمە وەك پێکهاتەی کلدو ئاشووری و تورکمان و نەتەوە و ئایینەکانی دیکەی عێراق دەکرد، هەموومان دیتمان لەکاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا شاندی کوردی بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی مافی پێکهاتەکان لەو دەستوورەدا چەند خەمخۆر بوون.

**خەڵکی خۆمان دڵنیا دەکەمەوە کە ماف و داهاتوویان لە هەرێمی کوردستان پارێزراو دەبێت، چونکە لە هەرێمی کوردستان هیچ جیاوازییەک لە نێوان پێکهاتەکاندا ناکرێت**

**داوا دەکەین لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا دەستووری هەرێمی کوردستان یەکێک بێت لەو پرۆژانەی بێتە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پەسند بکرێت**

**لە لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا زۆر بە زەحمەت دەمانتوانی بچووکترین باس لە مافی خۆمان وەکو نەتەوە و ئایینێکی جیاواز بکەین**

**شاندی کورد و کوردستانی لە بەغداش زۆر پشتگیرییان لە چەسپاندنی مافی ئێمە وەک پێکهاتەی کلدو ئاشووری و تورکمان و نەتەوە و ئایینەکانی دیکەی عێراق کردووە**

# بودجەی (بیست بیست)ی عێراق

**ئۆباڵی ئەو هەموو وێرانییەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، لە ئەستۆی حکومەتەکانی پێش (عادل عەبدولەمەهدی)یە، ئەوان بێسەروبەریی خۆیان لە حکومەتەکەی ئەودا پەردەپۆش کرد**

**هەمیشە کێشە لە دیارکردنی بەشە بودجەی هەرێم هەبووە و لە دوای (٢٠٠٣)تا ئێستا هیچ کاتێک بەشە بودجەی هەرێم بە دروستی و بە پێی پشکی دیاریکراو نەهاتووە**

هەر لە ساڵی (٢٠١٤)وە بگرە کە سەرۆك وەزیرانی ئەو کات (نوری مالیکی) بە بڕیارێکی سیاسی و نادەستووری بەشە بودجە و قوتی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بڕی، دوای ئەویش بە هاتنی (حەیدەر عەبادی) سەرۆك وەزیرانی پێشوو هەر ئەم سیاسەتی قوتبڕینە بەرامبەر بە کوردستان بەردەوام بوو، ئەوان وایان دەزانی جۆرە پاڵەوانێتییەکە کە مل بدەنە بەر هەرێم و گرفتی دارایی بۆ دروست بکەن، ئەم گرفت دروستکردنەی ئەوان، جگە لەوەی کە عەقڵییەتی شۆڤێنیی ئەوانمان بۆ دەردەخات، ئەوەشمان پێ دەڵێت کە ئەو جۆرە کەسانە، چاویان بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان هەڵنایەت.

ئەوان دوو نموونەی هەرە خراپی حوکمڕانیی شیعەیان پێشکەشی عێراق کرد، کە هەم عێراقیان بەرەوە هەڵدێر برد، هەمیش بوونە خاڵێکی ڕەش بۆ داهاتووی شیعە لە بەڕێوەبردنی عێراقدا، کە ئەم خاڵە ڕەشە بەرۆکی بەڕێز (عادل عەبدولمەهدی) سەرۆکی دەستلەکارکێشاوەی عێراقی گرتەوە و بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی لە کاتێکی هەستیاردا، ئاشکرایە کە ئۆباڵی ئەو هەموو وێرانییەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، لە ئەستۆی حکومەتەکانی پێش (عادل عەبدولەمەهدی) یە، ئەوان بێسەروبەریی خۆیان لە حکومەتەکەی ئەودا پەردەپۆش کرد.

(عەبادی) جگە لەوەی کە لەسەر سیاسەتی بودجە بڕینی (مالیکی) بەردەوام بوو، هاوکات پێچەوانەی دەستووریش هێرشی سەربازیی کردە سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنوری هەرێم و بووە هۆی شەهید وبریندار کردن و ئاوارە کردنی سەدان کەس لە خەڵکی کوردی ئەو ناوچانە.

هەر لە ساڵی (٢٠١٤)ـەوە کێشە داراییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی عێراق دەستی پێکرد، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پێش ئەو ماوەیە کێشەی داراییمان لەگەڵ عێراق نەبووە، بەڵکو هەمیشە کێشە لە دیارکردنی بەشە بودجەی هەرێم هەبووە و لە دوای (٢٠٠٣)تا ئێستا هیچ کاتێك بەشە بودجەی هەرێم بە دروستی و بە پێی پشکی دیاریکراو نەهاتووە، سەرباری ئەوەی کە هەمیشە نەفەقاتی سیادی لە عێراق زیاد کراوە، کە بە هۆیەوە بەشە بودجەی هەرێمی پێ کەم کراوەتەوە.

ڕاشکاوانە بڵێین، ئەگەر لە ساڵی (٢٠١٨) و دوای دەستبەکاربوونی (عادل عەبدولمەهدی) وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق، مەرجەعی گەلی کوردستان سەرۆك (مسعود بارزانی) نەچووبایەتە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، یاسای بودجەی (٢٠١٩) ی عێراقیش وەك یاساکانی دیکەی بودجەی ساڵەکانی دیکە پڕ دەبوو لە نووسینی بێ کردار و، پەرلەمانتارەکانی کوردستانیش بە



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

تایبەت ئەوانەی دڵیان لای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمە و پارێزەری بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانن لە بەغدا، نەیاندەتوانی هیچ شتێك بکەن، یان لۆبیی پێویست بۆ تێپەڕداندنی پرۆژە یاساکە دروست بکەن، چونکە عەقڵییەتی ئیدارەکردن لە دەوڵەتی عێراقدا، عەقڵییەتی سڕینەوە و چارەسەرنەکردنی کێشەکان و نانەوەی کێشەی زیاترە بۆ گەلی کوردستان، هێشتاش وا دەزانن ئەوان مەرکەزن و لە خەیاڵی دەوڵەتی سادە نەهاتوونەتە دەرەوە و بیر لەوە ناکەنەوە کە ئێستا دەوڵەتەکەیان دەوڵەتێکی فیدراڵییە و بنەماکانی تایبەتی خۆی هەیە، ناکرێت هەر سەرۆك وەزیرانێکی وەك (مالیکی) و (عەبادی) کە هاتنە سەر حوکم، بە مەرکەزییەت بڕیاری نادەستووری و نایاسایی بدەن و یاری بە قوت و مافەکانی نەتەوەیەك بکەن.

بۆ بودجەی (٢٠٢٠)یش ئەگەر هیمەتی جەنابی سەرۆك وەزیران (مسرور بارزانی) و نییەتپاکیی هەرێم وحکومەتی هەرێم و سەردانی شاندی دانوستاندکاری حکومەت بۆ پرسی نەوت و بەشە بودجەی هەرێم بۆ بەغدا نەبوایە، ئەو خاڵانەی کە ئێستا بە ڕێککەوتن لە پرۆژە یاسای بودجەی عێراق جێگیر کراون، جێگیر نەدەکران. بۆیە ئەمساڵیش باری سەر شانی پەرلەمانتارەکانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق سووکە و هەرچەند کە کێشمەکێش و بگرە و بەردەی نێو پەرلەمانیش ماوە و دەبێت پەرلەمانتارەکانی کوردستانی لە پەرلەمانی عێراق هەوڵی جددی بدەن بۆ پەسەندکردنی بەشە بودجەی هەرێم، وەك ئەوەی کە لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە، ئەویش ئەگەر عێراق ببێتە خاوەنی بودجەی (٢٠٢٠)ی خۆی و وەك ساڵی(٢٠١٤)ی (نوری مالیکی) بێ بودجە نەمێنێتەوە.

هەر لە بیستەکانەوە و لەوەتەی ئەو عێراقە لە ڕەحمی ئینگلیزەکانەوە بە ئیفلجی لە دایك بوو، هەمیشە گەلی کورد و کوردستانییان کێشەیان لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق هەبووە، نەك تەنیا لەگەل حکومەتەکانیان، بەڵکو لەگەڵ خودی دەوڵەتی عێراق بە هەموو دەسەڵاتەکانیەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو عەقڵییەتە بۆگەنەی کە عێراقی پێ بەڕێوە دەچێت. هەموو جۆرە تاوانێکیان کە لەسەر ئاستی نێودەڵەتی تەجریم کراوە، بەرامبەر بە گەلی کوردستان ئەنجامیان دا، چ لە سەردەمی دوور و چ لەسەردەمی نزیکی حوکمڕانیی عێراق.

نەبوونی حوکمی ڕەشید و گەندەڵی و پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزاریی پێویست و چارەسەرنەکردنی کێشەکانی عێراق لە رووی سیاسی و ئابووری و...هتد، هەیمەنەکردنی بیری مەزهەبی و تائیفی و تەدەخولکردنی ئایین لە دەوڵەت و دەستلەکارکێشانەوە لەسەر داوای مەرجەعییەت و شوێنگرتنەوەی میلیشا و هێزی چەکداریی عەشایرەکان لە جیاتی حکومەت و

**ئەگەر هیمەتی جەنابی سەرۆک وەزیران (مسرور بارزانی) و نییەتپاکیی هەرێم وحکومەتی هەرێم و سەردانی شاندی دانوستاندکاری حکومەت بۆ پرسی نەوت و بەشە بودجەی هەرێم بۆ بەغدا نەبوایە، ئەو خاڵانەی کە ئێستا بە ڕێککەوتن لە پرۆژە یاسای بودجەی عێراق جێگیر کراون، جێگیر نەدەکران**

**داهاتووی عێراق لە بازنەیەکی نادیاردا دەخولێتەوە و هێزە سیاسییەکانی عێراقیش کەوتوونەتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی قورسی سیاسی کە کاری کردۆتە سەر پێگەی ئێستاو داهاتوویان، ئەمەش لە مێژووی عێراق بێ وێنەیە**



دەزگا ئەمنییەکانی عێراق و تەدەخولە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و نەبوونی ئەجینداکی روونی ناوخۆیی و نەبوونی کاریزمایەکی سیاسیی بوێر و پەرت و بڵاویی ناوەندی بڕیار، عێراق بەرەو هەڵدێر و داهاتوویەکی نادیار دەبن، ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە عێراق لە هەموو روویەکەوە لەبەردەم دارمانێکی مەترسیداردایە.

لە نێو ئەو تەنگژە و گێژاوەی کە شەقامی عێراقی لە ناوەڕاست و باشوور گرتۆتەوە، داهاتووی عێراق لە بازنەیەکی نادیاردا دەخولێتەوە و هێزە سیاسییەکانی عێراقیش کەوتوونەتە بەردەم بەرپرسیارێتییەکی قورسی سیاسی کە کاری کردۆتە سەر پێگەی ئێستاو داهاتوویان، ئەمەش لە مێژووی عێراق بێ وێنەیە.

سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییەی کە بەرۆکی عێراقی گرتۆتەوە، بابەتی بودجەی ساڵی(٢٠٢٠)ی عێراقی فیدراڵیش یەکێکە لەو بابەتە هەستیار و گرنگانەی کە زۆر درەنگ کەوتووە. بە پێی یاسا دەبێت لە مانگی (١٠)ی هەر ساڵێك پرۆژە بودجەی ساڵی داهاتووی وڵات لە لایەن حکومەتەوە رەوانەی پەرلەمان بکرێت و لە ماوەی دوو مانگ و پێش هاتنی ساڵی نوێ پەسندی بکات، بۆ ئەوەی لە ساڵی نوێ کار بە مادەکانی یاسای بودجە بکرێت، بەڵام هەر لە مانگی تشرینەوە شەقامی عێراق لە مەنجەڵی خۆپیشاندا دەکوڵێت.

خۆپیشاندەران بە بێ ئەوەی قیادەیەکی دیاریکراویان هەبێت، لە داواکاریی سەرەتاییەوە بۆ دابینکردنی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریی دیکە بایانداوەتەوە بۆ لەکارلادان و متمانە سەندنەوە لە حکومەت و حەلکردنی پەرلەمان و گۆڕینی سیستەمی سیاسیی دەوڵەت و هەمواری دەستوور و هەندێك بابەتی دیکە.

تا وای لێهات سەرۆك وەزیرانی عێراق لەسەر داوای مەرجەعییەت دەستی لەکار کێشایەوە، بە هیوای ئەوەی کە ئەم بارودۆخە چارەسەر ببێت، ئاماژەکانی بەردەم سیناریۆکانی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی و بە پێی ئەو شتانەی بەرگوێمان دەکەون، زۆرن، بەڵام هەر شتێك بێت، ئەوەمان پێ دەڵێن، هەروەك چۆن (حەیدەر عەبادی) دوادەرفەتی حزبی (دەعوە) بوو بۆ بەدەستەوە گرتنی حوکمڕانیی عێراق، ئەوا (عادل عەبدولمەهدی) یش دوا دەرفەتی شیعە دەبێت بۆ حوکمڕانی لە عێراق بەم شێوەیەی کە هەیە، چونکە نەیانتوانی حوکمڕانییەکی دروست و رەشید پێشکەشی خەڵکی عێراق بکەن.

ئەوەی کە ئێستا لە عێراقدا دەگوزەرێت، خراپترین بارودۆخە لە ماوەی (١٦) ساڵی

**خۆپێشاندەران بە بێ ئەوەی قیادەیەکی دیاریکراویان هەبێت، لە داواکاریی سەرەتاییەوە بۆ دابینکردنی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریی دیکە بایانداوەتەوە بۆ لەکارلادان و متمانە سەندنەوە لە حکومەت و حەلکردنی پەرلەمان و گۆڕینی سیستەمی سیاسیی دەوڵەت و هەمواری دەستوور**

**هەروەک چۆن (حەیدەر عەبادی) دوادەرفەتی حزبی (دەعوە) بوو بۆ بەدەستەوە گرتنی حوکمڕانیی عێراق، ئەوا (عادل عەبدولمەهدی)یش دوا دەرفەتی شیعە دەبێت بۆ حوکمڕانی لە عێراق بەم شێوەیەی کە هەیە**



رابردوو، پێم وانییە پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆماریش لەم گێژاوە بە سەلامەتی رزگاریان بێت، بەتایبەت کە داواکاریی خۆپێشاندەران تەنیا رووخانی حکومەت نییە، بەڵکو ئەوان لەو تەبەقە سیاسییەی عێراقی بەڕێوە بردووە، رازی نین. بەڵام پرسیاری مەنتیقی ئەوەیە، ئەی ئەوان نەبن کێ دێت و عێراق بەڕێوە دەبات؟ رەنگە شتی شاراوە هەبێت کە بێگومان لە داهاتوودا دەردەکەوێت.

وەك ئاماژەم پێ دا، بابەتی هەستیار بودجەی ساڵی (٢٠٢٠)ـە، بەڵام سەرۆك وەزیرانی عێراق دەستی لەکارکێشاوەتەوە و حکومەتەکەی کاربەڕێکەرە و ناتوانێت پرۆژە بودجەی ساڵی (٢٠٢٠) رەوانەی پەرلەمان بکات، هەرچەندە رێگەی یاسایی هەن، ئەگەر بودجەش رەوانەی پەرلەمان نەکرێت و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند نەکرێت، ئەوا کار بە هاوکێشەی خەرجکردنی (یەك لەسەر ١٢)ی بودجەی ساڵی پار دەکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەوەیە کە ئەو رێککەوتنەی لیژنەی تایبەتی حکومەتی هەرێم لە هەفتەی رابردوو لەسەر پرسی نەوت و بودجە و قەرزەکانی هەرێم لەگەل حکومەتی عێراقی فیدراڵ ئەنجامی دا، پێنگاوێکی باشی حکومەت بوو، یەکەم جاریش بوو لە تەواوی مێژووی دەوڵەتی عێراقدا، کوردستان لە دارشتنی بودجەدا پێش ئەوەی بچێتە پەرلەمان، بەشدار بێت.

بە پێی ئەو خاڵە گشتییانەی کە لیژنەی دانوستاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە رێکەوتی یەکی دیسەمبەری ساڵی (٢٠١٩) سەردانی عێراقیان کردبوو و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی باسیان لێوە کرد، بابەتی باش باس کراوە و خاڵی باشیش لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠٢٠)ی عێراقدا جێگیر کراوە، کە شایستە داراییەکانی هەرێمیش تا رادەیەکی باش مسۆگەر دەکات و بابەتی ناردنی نەوتیش رێگەچارەی بۆ دیاری کراوە و پرسی قەرزەکانیش بۆ چارەسەرکردنیان لە نێوان هەردوو حکومەتدا دەخرێتە چوارچێوەیەکی یاساییەوە، هەرچەند ئەمە قۆناغی کۆتایی نییە و قۆناغی دووەم گفتوگۆی نێو هۆڵی پەرلەمان و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠٢٠)ـە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەم هەوڵە، جگە لەوەی پێنگاوێکی گرنگە، ئەوا جددییەت و هیممەتی سەرۆك وەزیران مسرور بارزانی و حکومەتەکەی دەردەخات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوو حکومەت، بۆ پاراستنی ماف و ئیمتیازاتەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاریکردن لە دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان و کیانی هەرێمی کوردستان.

**پێم وانییە پەرلەمان و سەرۆکایەتیی کۆماریش لەم گێژاوە بە سەلامەتی رزگاریان بێت، بەتایبەت کە داواکاریی خۆپێشاندەران تەنیا رووخانی حکومەت نییە، بەڵکو ئەوان لەو تەبەقە سیاسییەی عێراقی بەڕێوە بردووە، رازی نین**

**خاڵی باش لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (٢٠٢٠)ی عێراقدا جێگیر کراوە و شایستە داراییەکانی هەرێمیش تا رادەیەکی باش مسۆگەر دەکات**



دکتۆر ئەحمەد سەفار

ئابووریناس و پەرلەمانتار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# پێویستە دوای ڕێککەوتنە سەرکەوتووەکە لەبارەی بودجەوە کار لەسەر دروستکردنی هەماهەنگی لە پەرلەمانی عێراقدا بکرێت

**پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا لە دواکۆبوونەوەی نێوان شاندی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی دارایی و حکومەتی عێراق بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی باشی بەخۆوە بینیوە، ئێستاکە چاوەڕوان دەکرێت رەشنووسی پرۆژە یاسای بودجە بۆ پەرلەمان بنێردرێت، تاوەکو دوای گفتوگۆکردن لەسەر ماددەو بڕگەکان پەسەند بکرێت، ئەم پرسە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر ئەحمەد سەفار شارەزای ئابووری و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لێرەدا دەقی دیمانەکە بڵاو دەکەینەوە.**

*** دوای ئەوەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق و حکومەتی عێراق رێککەوتن، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا شاندی هەرێم رێککەوتنەکەی بە ئیجابی و باش دانا، وەك ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چۆن لەو رێککەوتنە دەڕوانیت؟**

- ئەوەی راگەیەندرا ئەوە بوو کە لە دواکۆبوونەوەی نێوان شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی و حکومەتی فیدراڵی هەردوولا لەسەر پرسی بودجە رێککەوتن، بەپێی ئەم رێککەوتنەش لە ٢٠٢٠/١/١ ـەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی خۆی لە رێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە رادەستی حکومەتی فیدراڵی دەکات و لە بەرامبەریشدا حکومەتی فیدراڵی تەواوی بودجەی هەرێمی کوردستان رەوانە دەکات، واتا بە هەردوو بودجەی (بەکارخستن و وەبەرهێنان)ـەوە بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە و بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان و خەرجی حاکیمەشەوە، خاڵێکی دیکەی گرنگ کە گوێبیستی بووین ئەوەیە کە ئەم رێککەوتنە مەسەلەی لابردنی هەندێك بڕگەی خەرجی سیادی بوو کە ساڵانێکە لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت، بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە هەرێمەوە هەبێت، هەرچەندە نەتوانرا هەموو ئەو بڕگە و خاڵانە لاببرێت لە خەرجییەکانی سیادی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە، بەڵام ئەمەش خاڵێکی ئیجابی بوو، چونکە بەلابردنی ئەو خەرجییانە پشکی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی رێککەوتنەکەی نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و کوردستان بۆ هەردوو حکومەت گرنگ بوو. ئەوەی دەمێنێتەوە —کە خاڵە قورسەکەیە- چۆنیەتی تێپەڕاندنی رەشنووسی پرۆژە یاسای بودجەکەیە لەناو لێژنەی دارایی پەرلەمان و لە کۆبوونەوەی دەنگدان لەسەر پەسەندکردنی بودجەکە.

> **بەپێی یاسای ئیدارەی دارایی هەر دواکەوتنێک لە پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجە ئەوا پەنا دەبردرێتەبەر خەرجکردنی یەک لەسەر ١٢ی بودجەی ساڵی رابردوو**

*** جگە لە مەسەلەی بودجە پێویستە مەسەلەی شایستە داراییەکانی هەرێمیش یەکلا بکرێتەوە کە لە دەستوور جێگیر کراوە، ئایا گرنگترینی ئەو شایستە داراییانە چین کە پێویستە حکومەتی ناوەندی یەکلای بکاتەوە؟**

- لە ٢٠٠٤ـەوە تا ئێستا لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێردراو هەیە، لەوانە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لای حکومەتی ناوەندی کە پێش ئەم رووداوانەی دوایی و دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان حکومەتی هەرێم لە رێگەی شاندێکی تایبەتمەندەوە لەگەڵ بەغدا دەستی بەم دانوستان و گفتوگۆیانە کردبوو و کاری کرد بۆ دیاریکردنی گرنگترین شایستە داراییەکانی هەرێم لەلای حکومەتی ناوەندی کە بریتییە لەو بودجانەی کە بە هۆی ململانێ سیاسییەکان و بڕینی بودجەوە بۆ هەرێم نەنێردراوە، ئەمە وێڕای مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە و قەرزە دەرەکییەکان و خەرجی حاکیمە و چەندین بواری دیکە. یەکلاکردنەوەی هەموو ئەم کێشانە بەهۆی کەوتنەوەی ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەوە وای لە حکومەتی عێراق کرد، گەڕانەوەی

> **بۆ مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات و مانگەکانی دیکە وەزارەتی دارایی عێراق هەمان ئەو بڕە پارەیە دەنێرێت کە لە ساڵانی ٢٠١٩دا دەینارد. بەڵام کاتێک بودجە پەسەند دەکرێت، ئەو کاتە دەست بە تەسویە دەکرێت لە نێوان ئەو بڕەی نێردراوە و ئەو بڕەی دەبوو بنێردرێت**

**حکومەتی هەرێم پابەند دەکرێت بە ناردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بۆ بەغدا و لە بەرامبەریشدا حکومەتی عێراق تەواوی بودجەکە بە هەر دوو بودجەی بەکارخستن و وەبەرهێنانەوە دەنێرێتە هەرێمی کوردستان**

**تا ئێستا لەنێوان لایەنە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق یەکهەڵوێستی نییە، ئەمە لە کاتێکدا پێش مانگێک لە میوانداریێتی سەرۆک کۆمار سەرجەم کوتلە سیاسییەکان و وەزیر و بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکانی کورد کۆبوونەوە و قسەو گفتوگۆ لەسەر یەکخستنی هەڵوێستەکان و دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی کوردستانی کرا**

سەقامگیری و ئارامی و ئاسایش لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی دابنێت و بەو پێیە ئەم گفتوگۆیانە راگیران. لەبەر ئەوە پرسی ئەم شایستەییانە دوا خرا بۆ دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێ و سەقامگیربوونەوەی بارودۆخە ئەمنییەکە. کە دەکرێت دواتر ئەم کێشانە لە نێوان هەردوو حکومەتدا چارەسەر بکرێن، تەنانەت ئەگەر تەواوی شایستە داراییەکانیش نەدرێن، واتە ئەو شایستە داراییانەی هەرێمی کوردستان کە کەوتوونەتە لای بەغدا و هەروەها ئەو پابەندبوونە داراییانەی هەرێمیش کە نەیتوانی جێبەجێیان بکات بەهۆی خراپیی دۆخی ئابووری و داراییەوە. بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە شایستەییەکان لە بودجەی ٢٠٢٠دا، ئەوا ئەوەی گوێبیستی بووین، ئەوەیە کە رێککەوتنێکی مەبدەئی کراوە و هەوڵەکان بەرەو ئەوە دەچن لە سەرەتای ئەم هەفتەیەوە پرۆژە یاسای بودجە رەوانەی لیژنەی دارایی پەرلەمان بکرێت و ئەندامانی لیژنەکە دەست بە گفتوگۆ و دانیشتنەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی بودجەکە لە رووی یاسایی و داراییەوە رێکبخەن لە رێگەی گواستنەوەی هەندێك خەرجی و پێویستی لەنێوان خاڵ و بڕگەکانی بودجەکە، لەکۆتاییشدا ئەو بڕیارەی لە لیژنەی دارایی دەدرێت، ئەوە رەوانەی پەرلەمان دەکرێت بۆ گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی. لێرەدا من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە نابێت هەوڵەکانی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەم هەنگاوە سەرکەوتووەدا- رێککەوتنەکەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی- کۆتایی پێ بهێنێت، بەڵکو دەبێت هەوڵی تەواوکاری بدات لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ کوتلە سیاسییەکان لە بەغدا لە پێناوی هەماهەنگی لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی دارایی و سەرۆك کوتلەکان لە نێو پەرلەماندا.

*** لەکاتی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە لەپەرلەمان ئایا حکومەتی مەرکەزی بەغدا پابەندی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەبێت؟**

- بەپێی یاسای ئیدارەی دارایی هەر دواکەوتنێك لە پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجە ئەوا پەنا دەبردرێتەبەر خەرجکردنی یەك لەسەر ١٢ی بودجەی ساڵی رابردوو، واتە ئەو پابەندبوونە جێبەجێ دەکرێت کە لە بودجەی ساڵی ٢٠١٩دا رێککەوتنی لەسەر کرا تا ئەو کاتەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ پەسەند دەکرێت، واتە بۆ مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات و مانگەکانی دیکە وەزارەتی دارایی عێراق هەمان ئەو بڕە پارەیە دەنێرێت کە لە ساڵانی ٢٠١٩دا دەینارد. بەڵام کاتێك بودجە پەسەند دەکرێت، ئەو کاتە دەست بە تەسویە دەکرێت لە نێوان ئەو بڕەی نێردراوە و ئەو بڕەی دەبوو بنێردرێت.

*** ئایا هەردوو بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی کوردستان لە پرۆژە یاسای بودجەکەدا جێگیر کراوە؟**

- من ئاماژەم بەوە کرد کە کاتێك رێککەوتنەکەی نێوان هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆژە یاسای بودجەکە جێگیر دەکرێت و حکومەتی هەرێم پابەند دەکرێت بە ناردنی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بۆ بەغدا و لە بەرامبەریشدا حکومەتی عێراق تەواوی بودجەکە بە هەر دوو بودجەی بەکارخستن و وەبەرهێنانەوە دەنێرێتە هەرێمی کوردستان، ئەو کاتە حکومەتی هەرێم لە داهاتی گشتی خۆی پارە تەرخان دەکات بۆ پلانی وەبەرهێنان. ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە پەرەپێدانی هەرێمەکانەوە ئەوا بڕە پارەیەك پێشنیار کراوە لە پرۆژە یاسای بودجەدا، هەروەها لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکاندا پشکێك هەیە بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها لە خەرجی حاکیمە و مووچەی پێشمەرگە و لە پترۆدۆلار و مەسەلە گشتییەکان کە پەیوەندیدارن بە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقەوە.

*** لەسەرەتای قسەکانتدا باسی گرنگیی قۆناغی داهاتوو کرد بۆ تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای بودجەکە، ئایا رێککەوتن و کۆدەنگی و هەماهەنگی لەنێوان پەرلەمانتارە کوردەکان لەناو پەرلەمان هەیە بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی کورد لە قۆناغی داهاتوودا؟**

- بەداخەوە تا ئێستا لەنێوان لایەنە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق یەکهەڵوێستی نییە، ئەمە لە کاتێکدا پێش



مانگێك لە میوانداریێتی سەرۆك كۆمار سەرجەم كوتلە سیاسییەكان و وەزیر و بەڕێوەبەرە جێبەجێكارەكانی كورد كۆبوونەوە و قسەو گفتوگۆ لەسەر یەكخستنی هەڵوێستەكان و دروستكردنی هاوپەیمانێتییەكی كوردستانی كرا، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا ئەمە بەدی ناكرێت، هەندێ لە پەرلەمانتارەكان بە ئاراستەیەكی دیكەدا كار دەكەن و تەنانەت هەندێكیان كوتلەیان دروست كردووە بە دەر لە حزبەكانیان كە ئەوانیش ئەجێندا و شێوازی كاركردنی خۆیان هەیە. هەر چۆنێك بێت، ئێمە كار دەكەین بۆ ئەوەی یەكهەڵوێستی هەبێت لەسەر شایستە داراییەكانی هەرێم كە پێویستە سەرجەم پەرلەمانتارەكانمان كار بكەن بۆ بەدەستهێنانی شایستەییەكانی خەڵكی كوردستان، هەر كەسێكیش ئەم كارە نەكات، ئەوا بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ زیان بە كوردستان دەگەیەنێت. ئێمە هەوڵدەدەین ئەمە بێنینەدی، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەمە نەهاتۆتەدی بە پێچەوانەی ساڵی رابردوو كە بە یەكدەست و یەك ئاراستەیی كارمان كرد و سەركەوتوو بووین لە تێپەڕاندنی بودجە و دابینكردنی مووچەی فەرمانبەران بە دوور لە كێشە سیاسی و داراییەكان. هیواداریـن ئەم یەكدەنگییە بهێنینەدی لەبەر ئەوەی پێویستمان بەم یەكهەڵوێستییە هەیە، بەتایبەتی كە پرۆژە یاسای بودجە دێتە پەرلەمان.

*** هەرچەندە تا ئێستا پرۆژە یاسای بودجە نەگەیشتۆتە لیژنەی دارایی پەرلەمان، بەڵام چ زانیارییەكتان دەست كەوتووە بەوەی بودجەكەی ٢٠٢٠ی عێراق چەندە و كورتهێنانەكەی بە وردی چەند دەبێت؟**

- بەپێی زانیارییەكان كە لە رێگەی برادەرانی ئامادەكردنی بودجە لە وەزارەتی دارایی عێراق بەدەستمان گەیشتووە، تێكڕای خەرجی گشتی لە بودجەی ٢٠٢٠ی عێراق ١٦٢ تریلیۆن دیناری عێراقی دەبێت و داهاتەكانیش بە ١١٤ تریلیۆن دینار مەزندە كراوە- بە داهاتی نەوت و غەیرە نەوتییەوە-، واتا كورتهێنانەكە ٤٨ تریلۆن دینارە، لە كاتێكدا ساڵی رابردوو تەنیا ٢٧ تریلیۆن دینار بوو. كاتێكیش ئەم بودجەیە دەنێردرێت، ئەوا لیژنەی داراییش بۆچوونی خۆی دەبێت و گۆڕانكاری بەسەر ئەم بودجەیەدا دێت، ئیدی بە كەمكردنەوە بێت، یان جێگۆڕكێ، لەم بودجەیەش وا چاوەڕوان دەكرێت پشكی هەرێمی كوردستان لە بودجەكەدا نزیكەی ١٠,٥ تریلیۆن دیناری عێراقی بێت كە بەشی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم و جێبەجێكردنی پرۆژەی وەبەرهێنانیش دەكات.

**تێكڕای خەرجی گشتی لە بودجەی ٢٠٢٠ی عێراق ١٦٢ تریلیۆن دیناری عێراقی دەبێت و داهاتەكانیش بە ١١٤ تریلیۆن دینار مەزندە كراوە**



**دڵشاد میران**

**سیاسەتمەدار و دیبلۆماتکار بۆ گوڵان:**

# هەموو لایەنەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دۆخەکە وادەخوازێت یەکگرتوویەک لەنێو ماڵی کورددا هەبێت

# دۆخی عێراق بە چەشنێکە لەو باوەڕەدا نیم کە حکومەتێک بێت و بیەوێت کێشەیەکی گەورەتر لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروست بکات

**عێراق بە بارودۆخێکی ئاڵۆز و هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرجەم پرۆسەی سیاسی و ئایندەی ئەم وڵاتە هەیە، بەتایبەتی ئەگەر خۆپیشاندانەکان و ئاڵۆزییەکان درێژە بکێشێن. لەم بارودۆخەدا ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی لە ناوخۆی کوردستان دەستپێکردووە، بۆ ڕێکخستنەوەی نێومالّی کورد تاوەکو لەم گۆڕانکارییانەدا کورد مافە دەستووری و یاساییەکانی لەدەست نەدات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دڵشاد میران سیاسەتمەدار و دیبلۆماتکار کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** دوای دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی عێراق دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە و ناڕوونییەکی زیاتری پێوەدیارە، وەکو سیاسەتمەدار و دیبلۆماتکارێك کە شارەزاییت لەسەر دۆخی عێراق هەیە، چۆن لەم بارودۆخە نوێیە دەڕوانیت؟**

- منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام، بارودۆخی عێراق ئاڵۆزبووە، کە ئاشکرایە چەند مانگێکی خایاند تاوەکو عادل عەبدولمەهەدی وەك کاندیدێکی تەوافوقی هەڵبژێردرا، چونکە نەتوانرا کوتلەی گەورە دەستنیشان بکرێت بۆ ئەوەی ئەو کوتلەیە کاندیدی خۆی بۆ سەرۆك وەزیران دەستنیشان بکات، ئەوەبوو دواتر خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکرد، کە هۆکارەکانیش بریتی بوون لە نەبوون، یان کەمیی خزمەتگوزاری و دابەزینی ئاستی ژیان و گوزەران و دەستێوەردانی ئیقلیمی، بەڵام ئێستا بە چەشنێکە وەك ئەوەی هێزێك هەبێت بە شاراوەیی ئەم خۆپیشاندانانە ئاراستە بکات. هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا روون نییە کە ئاراستەی ئەم خۆپیشاندانە بەرەو کوێ دەچێت، ئەو داواکارییانەشی دەکرێن نالۆژیکییان پێوە دیارە، وەك ڕەتکردنەوەی هەموو لایەنێکی سیاسی، یان داخوازیی پێکهێنانی حکومەتێك کە سەر بە هیچ لایەنێك نەبێت، چونکە دۆخی عێراق زۆر ئاڵۆزە و ناکرێت کەسێك ئەم وڵاتە بەڕێوە ببات کە دووربێت لە سیاسەت و لایەنە سیاسییەکان کە بنکەی جەماوەریی خۆیان

**هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد زۆر گرنگە و دەبێت هەموو لایەنەکان بەشداریی تێدا بکەن**

هەیە. کەواتە سەخت و ئەستەمە کەسێکی دوور لە سیاسەت کە هیچ ئەزموون و قووڵاییەکی سیاسییەکە و لایەنە سیاسیەکان نەبێت، بتوانێت مامەڵە لەگەڵ دۆخە ئاڵۆزەکە و دەوڵەتانی دیکەدا بکات.

*** بەپێی قسەکانی ئێوە زەحمەتە لایەنە سیاسییەکان بتوانن لە ماوەی ١٥ ڕۆژی داهاتوودا سەرۆك وەزیرانێکی نوێ دەستنیشان بکەن؟**

- من زۆر گومانم لەوە هەیە بەم نزیکانە کەسێك بۆ سەرۆك وەزیران بدۆزرێتەوە، کە حزب و لایەنە سیاسییەکان لەسەری رازی بن و لەهەمان کاتیشدا جێگای ڕەزامەندی خۆپیشاندەرانیش بێت، تەنانەت لەناو خودی خۆپیشاندەرانیشدا ڕاوبۆچوونێکی هاوبەش نییە، چونکە خۆپیشاندەرانی شارێك لەگەڵ شارێکی دیکە و تەنانەت گۆڕەپانێك لەگەڵ گۆڕەپانێکی دیکە جیاوازن و بیروبۆچوون و داواکارییەکانیشیان جیاوازییان تێدایە، هەربۆیە خودی خۆپیشاندەرانیش زەحمەتە لەسەر کەسێك یەك دەنگ بن، بەتایبەتی کە تا ئەمڕۆش هیچ کەسێك نییە کە بتوانێت بڵێت من نوێنەرایەتیی خۆپیشاندەران دەکەم. لەلایەکی دیکەوە خۆ خۆپیشاندەران نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکانی عێراق ناکەن، چونکە عێراق کورد و عەرەبی سوننە و پێکهاتەی دیکەشی تێدایە و دەبێت هەموو ئەم لایەنانە لەسەری ڕێکبکەون.

*** وەکو ئاماژەت پێکرد خۆپیشاندەران زیاتر لە پێکهاتەی عەرەبی شیعەن، واتا دوو لایەنی گەورەی دیکە کە کورد و عەرەبی سوننەن لەخۆپیشاندانەکاندا بەشدار نین، کەچی خۆپیشاندەران و حزبە شیعەکانیش هەر باسی سەرۆك وەزیرانێك لە پێکهاتەی شیعە دەکەن، وەکو ئەوەی ئەوان نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکان بکەن ؛ پرسیار ئەوەیە، ئایا عێراق بەتەواوەتی بەرەو دەوڵەتێکی تائیفی و مەزهەبگەرایی دەچێت؟**

- مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەوانەی تا ئێستا خۆپیشاندان دەکەن، خۆیان بە نوێنەری هەموو گەلانی عێراق دەزانن، لەهەمان کاتیشدا خۆپیشاندەرەکان باس لەوە دەکەن کە مەزهەبگەرایی نەمێنێت، بەڵام لە درووشم و داواکارییەکانیاندا باس لە سەرۆك وەزیرانێکی شیعە دەکەن و ئێستا مەسەلەی مەرجەعیەتیشیان هێناوەتە پێشەوە و وەکو سەرووی دوو دەسەڵاتەکەی تەشریعی و جێبەجێکار و بگرە دەسەڵاتی قەزائیش سەیری دەکەن، کەواتە ئەم خۆپیشاندانە گوزارشت لە هەموو عێراق ناکات، چونکە عێراق وڵاتێکی فرە ئایین و فرە نەتەوەییە.

*** باکەمێك لەسەر ئایندەی عێراق ڕابوەستین، ئەگەر حکومەتی عێراق دابمەزرێت، ئایا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا چۆن دەبێت، بەتایبەتی ئەم پەیوەندییانەی ئێستا هەنگاوی باشی بڕیوە بە دروستکردنی حکومەتێکی کاربەڕێکەر، یان حکومەتێکی نوێ چی بەسەر دێت؟**

- هەرچەندە لێرە و لەوێ گوێبستی ئەوە دەبین کە لێدوان دەدرێت لە دژی هەرێمی کوردستان و دژی گەیشتن بە تێگەیشتنێك لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەڵام پێم وانییە گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوودات لەم ڕووەوە، چونکە هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە و باوەڕ ناکەم هیچ لایەنێك بتوانێت ئەم مەسەلەیە پشتگوێ بخات، هەرچەندە مەسەلەکەش پەیوەستە بەوەی کە کابینەی داهاتوو و سەرۆك وەزیرانی داهاتوو کێ دەبێت، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت تاوەکو هەڵبژاردنی نوێ دەکرێت، کە ئەگەری ئەوە هەیە پێداچوونەوە بکات بە هەندێ لەو بڕگانەی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام دۆخی عێراق بە چەشنێکە کە لەو باوەڕەدانیم حکومەتێك بێت و بیەوێت کێشەیەکی گەورەتر دروست بکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کەواتە دووپاتی دەکەمەوە لەو باوەڕەدانیم کە گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوودات، بەڵام ڕەنگە پێویست بە هەندێ گفتوگۆی زیاتر و ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵانە بکرێت کە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ڕێککەوتنی لەبارەوە کراوە.

*** بەڵام لە حاڵەتی دووبارە نووسینەوەی دەستوور و گۆڕینی شێواز و سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتدا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەم بابەتە و چەندین بابەتی دیکە**

**ئەو هەوڵانەی ئێستای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان زۆر زۆر پێویستن، چونکە پێویستە هەڵوێستێک نیشان بدرێت لە بەرامبەر بیرکردنەوەی کەسانێک کە دەیانەوێت هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی دەستووری بوونی نەمێنێت**

**ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا خودی شیعەکان بە جەماوەر و هێزەکانیانەوە ناکۆکی و ململانێ دەکەوێتە نێوانیانەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر دۆخەکە دەبێت**

**هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە و باوەڕ ناکەم هیچ لایەنێک بتوانێت ئەم مەسەلەیە پشتگوێ بخات، هەرچەندە مەسەلەکەش پەیوەستە بەوەی کە کابینەی داهاتوو و سەرۆک وەزیرانی داهاتوو کێ دەبێت**

**که پەیوەندی بە ئایندەی کوردستانیشەوە هەیە، دەبێت کورد بۆ ئەو ئەگەر و مەسەلانە چۆن مامەڵە بکات و چۆن خۆی ئامادە بکات؟**

- من هەرگیز باوەڕ ناکەم مەسەلەی گۆڕینی دەستوور و شێوازی سیستەمی حوکم لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی هەروا کارێکی ئاسان بێت، ئەم مەسەلەیە درێژە دەکێشێت و دوورمەودایە و ڕەنگە چەندین ساڵی پێویست بێت تا ئەنجام دەدرێت، لەم حاڵەتەشدا مەسەلەکە پێویستی بە ریفراندۆم و ڕەچاوکردنی ئەو بڕگانە هەیە کە لەئێستادا لە دەستووری عێراقدا جێگیر کراون، ئەمە نەك تەنیا بۆ لایەن و هێزە ناوخۆییەکان کارێکی قورس و ئاسان نابێت، بەڵکو هیچ لایەنێکی نێودەوڵەتیش پشتگیری ئەم جۆرە داواکارییانە ناکات کە عێراق بگەڕێنێتەوە پێش ساڵی ٢٠٠٣ و پێش فیدراڵییەت.

*** بەڵام خۆ دەبێت کورد هەڵوێستی خۆی لەسەر هەموو ئەم بابەت و مەسەلانە هەبێت و هەر چاوەڕوانی ئەگەرەکان نەکات؟**

-بەڵێ، کورد دەبێت هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەبێت و بەیەکگرتوویی و یەك دەنگی و یەك هەڵوێستی گفتوگۆ لەناو پەرلەمان و حکومەت بکات، ئەم بارودۆخە بۆ عێراقییەکان و بەتایبەتی بۆ کورد زۆر هەستیارە و نابێت تەنیا پشت بەوە ببەستین کە ئەمجۆرە گۆڕانکارییانە نابێت، یان ئاستەمە، بۆیە هەڵوێستی یەکگرتوویی کورد لە ئێستادا لەهەموو کات زیاتر پێویست و گرنگە.

*** ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی بەگەڕخستووە بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد، ئایا سەرۆکی هەرێمی کوردستان تاچەند لەم هەوڵانەی سەرکەوتوو دەبێت؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەمڕۆ هەموو لایەنەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە وادەخوازێت کە جۆرە لێکتێگەیشتن و یەکگرتوویەك لەنێوماڵی کورد هەبێت، بۆیە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد زۆر گرنگە و دەبێت هەموو لایەنەکان بەشدارییی تێدا بکەن، خۆ ئەگەر لەسەر هەموو شتێك ئەم کۆدەنگی و یەکگرتوویە نەبێت، هەرهیچ نەبێت لەسەر بوارە هەستیار و چارەنووسسازەکانی پەیوەندار بە ئایندەی میللەتی کوردەوە پێویستە ئەم یەك دەنگییە هەبێت، هەربۆیە ئەو هەوڵانەی ئێستای سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان زۆر زۆر پێویستن، چونکە پێویستە هەڵوێستێك نیشان بدرێت لە بەرامبەر بیرکردنەوەی کەسانێك کە دەیانەوێت هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی دەستووری بوونی نەمێنێت، نەك هەر ناکرێت ڕووبدات، بەڵکو دەبێتەهۆی ئەوەی پشێوییەکی سەرتاسەری باڵ بەسەر عێراقدا بکێشێت.

*** مەسەلەیەکی دیکە کە هەر پەیوەندی بەم بارودۆخەوە هەیە دووبارە دەستپێکردنەوەی کارە تیرۆریستییەکانی داعشە، بەتایبەتی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئایا چۆن دەڕوانیتە سوود وەرگرتنی داعش لەم دۆخە ئاڵۆزەی عێراق و دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیران؟**

- ئەگەر بارودۆخی عێراق بەمشێوەیە بڕوات و ناسەقامگیری درێژە بکێشێت، ئەوا نەك هەر ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش، بەڵکو ڕەنگە لایەنی دیکەش دروست ببن کە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری دروست بکەن، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر هەموو بارودۆخی عێراق و کوردستانیش دەبێت، دووبارە دەرکەوتنەوەی جموجوڵ و کارە تیرۆرستییەکانی داعش ڕەنگە دەستی دەرەکییشی تێدا بێت، واتە پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆ داعش لەم بارودۆخەدا دەستی بەجموجوڵی تیرۆرستی کردۆتەوە؟، ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەبێت هەموو سیاسەتمەدار و حزب و لایەنێکی سیاسیی عێراق بیکەن، چونکە ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیەی ئێستا بڕوات و درێژە بکێشێت دەرئەنجامەکەی باش نابێت و دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت، هەروەها ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەوا خودی شیعەکان بە جەماوەر و هێزەکانیانەوە ناکۆکی و ململانێ دەکەوێتە نێوانیانەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر دۆخەکە دەبێت.

**ئەوانەی تا ئێستا خۆپیشاندان دەکەن، خۆیان بە نوێنەری هەموو گەلانی عێراق دەزانن، لەهەمان کاتیشدا خۆپیشاندەرەکان باس لەوە دەکەن کە مەزهەبگەرایی نەمێنێت، بەڵام لە درووشم و داواکارییەکانیاندا باس لە سەرۆک وەزیرانێکی شیعە دەکەن و ئێستا مەسەلەی مەرجەعیەتیشیان هێناوەتە پێشەوە**

**خۆپیشاندەرانی شارێک لەگەڵ شارێکی دیکە و تەنانەت گۆڕەپانێک لەگەڵ گۆڕەپانێکی دیکە جیاوازن و بیروبۆچوون و داواکارییەکانیشیان جیاوازییان تێدایە، هەربۆیە خودی خۆپیشاندەرانیش زەحمەتە لەسەر کەسێک یەک دەنگ بن**

**لە ئێستادا روون نییە کە ئاراستەی ئەم خۆپیشاندانە بەرەو کوێ دەچێت، ئەو داواکارییانەشی دەکرێن نالۆژیکییان پێوە دیارە، وەک رەتکردنەوەی هەموو لایەنێکی سیاسی، یان داخوازیی پێکهێنانی حکومەتێک کە سەر بە هیچ لایەنێک نەبێت**


# مانیفێست ئەولەوییەتی نەتەوەیی و نیشتمانی

کاتێ شرۆڤەکاری سیاسی باس لە کێشە نەتەوەیی و نیشتمانی و سیاسی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان و چارەنووسی وڵات و گەل و ئایندەی نەوەکان دەکات، بە شێوەیەکی گشتی، یان ئامانج دەپێکێت، یانیش هەڵە دەکات، ئەمە رۆژانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگاکانی بینراو و بیستراوی راگەیاندندا هەستی پێ دەکەین، هەروەها لە حاڵەتی گشتیی سووریا و کوردی سووریا بەتایبەتی، مەترسیدارترین شت بۆ بەکارهێنەری فەیسبوك و رۆشنبیر و نووسەر ئەوەیە کە دەکەونە هەڵەیەکی بەرنامەدارێژ لە هەڵبژاردنی پرسەکان بێ جیاوازیکردن لەنێوان گرنگ و گرنگتر، هەروەها پشتبەستن بە بنەما بنبەستەکانی تیۆر کە باوی نەماوە و بەر لە چەندین دەیە شکستیان هێناوە، هاوکات گوێنەدان بە ریزبەندیی ئەولەوییەت، بەپێی میزاج و سۆزی کەسی، کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتە چارەنووسسازەکان، هەروەك لە چەند مانگی رابردوودا لە گۆڕەپانی وڵاتماندا دووبارە بووەوە.

**مەترسیدارترین شت بۆ بەکارهێنەری فەیسبوک و رۆشنبیر و نووسەر ئەوەیە کە دەکەونە هەڵەیەکی بەرنامەدارێژ لە هەڵبژاردنی پرسەکان بێ جیاوازیکردن لەنێوان گرنگ و گرنگتر**

ئێمە لێرەدا قسە لەسەر حەقایەتی و رەوایەتیی ئەو پرسانە ناکەین، کە دواتر لێیان دەدوێین، ئەمانە مشتومڕ هەڵناگرن، لە کۆتاییدا داخوازی و ئامانجگەلی لەپێشینەن کە هەر دەبێ چ ئێستا، یان لە داهاتوودا و بە قۆناغ بێنەدی، بەڵام ئەو شتە هەروەك باسمان کرد، پەیوەستە بە رێکخستنی ئەولەوییەت، کە پێویستە زیاتر بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و لێدوان و رێکخستنەوە، دواتر خستنەڕووی هەموو پاکێجێکی ئەو کێشانە، یان یەکێکیان لە کاتی خۆیاندا، تاکو شتەکان تێکەڵ نەبن و هەنگاوەکانی پیادەکردن بە پراکتیکی سست نەبن، هەروەها تاکو هەوڵەکان لە کاتی خۆیاندا بەفیڕۆ نەچن، هاوکات رژێمی سەرکوتکار کە لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی گلاوە، هەروەها هێزە شەڕانگێز و هەڵگەڕاوەکانی هاوبەش لە تاوان سوودمەند نەبن، هەر یەکەیان لە شوێن و بەپێی ئەرکی خۆیان، لە پرۆسەی ئاژاوەنانەوەی بەرنامەبۆدارێژ، دوورکەوتنەوە لە راستییەکان و کەمتەرخەمی لە بەرپرسیارێتیی لێپێچینەوە و ئاشکرابوون لەبەردەم گەل، هەروەها فێڵکردن لە دادپەروەری، گرنگترین ئەو بابەتانەش:

١- دەستوور، کە لە ژیانی سوورییەکاندا گرنگیی زۆری هەیە، واتا ناوەڕۆکی سیستەمی سیاسی کە شۆڕشی سووریای بۆ بەرپا بووە و ملیۆنان قوربانی و دەستگیرکراو و ئاوارەی پێشکەش کردووە، لەپێناو ئەوەی ئەو سیستەمە بە شێوەی نیشتمانی و فرەیی و دیموکراسی و تازەگەری بنیاد بنرێتەوە، کە دەستوور زامنی دەکات، بەڵام ئەمە نایەتەدی، مەگەر دوای گۆڕینی رژێمی ستەمکار و رووخاندنی دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی کە بەرژەوەندییەکانی گەلیان قۆستۆتەوە، لەگەڵ لەناوبردنی بنکە ئابوورییەکەی، ئەوکاتە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی گەلی سووریا لە کەشێکی ئازاددا دەتوانن دەستووری وڵات بە شێوەی تەوافوقی دابڕێژنەوە لەگەڵ رەچاوکردنی ماف و خواستەکانی سەرجەم پێکهاتەو توێژەکانی گەل، بەڵام رژێم بە پاڵپشتیی هاوپەیمانە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان ویستی بەسەر ئەم پرسە چارەنووسسازەدا



**سەلاح بەدرەدین**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

پێچ بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەر لەناوی بەرێت و دەستووری رژێم بەرهەم بهێنێتەوە، کە لە سایەو لەژێر باڵی ئەو دەستوورەدا تاوانی بەرامبەر مافی سوورییەکان کردووە، هەروەها تەرکیزی راگەیاندن بۆسەر بەناو لیژنەی دەستوور، کە لە منداڵدانی ویستی دەرەکی و بڕیارەکانی سۆچی و ئەستانە لەژێر پەردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێف لەدایك بووە، ئەمەش وەك پرۆسەیەکی پێشوەختەی فێڵکاری تاکو گرنگترین پرس لەبیر بکرێت و ئەرکە سەرەکییەکە پشتگوێ بخرێت، کە گۆڕینی رژێمە، هەروەها تەواوکردنی مەرجە بەراییەکانە، نەخاسمە کارکردن بۆ دابینکردنی مەرجەکانی بەستنی کۆنگرەی نیشتمانیی گشتگیری سووریا، لەپێناو پێداچوونەوە بە کێشە کەڵەکەبووەکانی نۆ ساڵەی تەمەنی شۆڕشی ستەملێکراودا، هەروەها داڕشتنی بەرنامەی سیاسی و نەخشەڕێگا و هەڵبژاردنی نوێنەرانی شەرعی بۆ گەلی سووریا.

۲- گرووپگەلێکی رۆشنبیر و دەستەبژێری نیشتمانی هەن، کە سیاسەت دەکەن و ئەرکی لەپێشینەیان بانگەشەیە بۆ سەربەخۆبوونی بڕیاری نیشتمانیی کوردی سووریا، هەروەها دوورکەوتنەوە لە بەمەرجگرتنی تەوەرە کوردستانییەکان، ئەمەش راستە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: کێ ئەم ئەرکانە جێبەجێ دەکات؟ ئایا بزووتنەوەیەکی شەرعیی کوردی هەیە کە هەموو مەرجەکانی تێدا بێت و خاوەن سەرکردایەتییەکی هەڵبژێردراو بێت و لە خەڵکەوە دەسەڵاتی پێ درابێت تا ئەمە بکات؟ لەجیاتی ئەمە پێویست بوو کە هەموومان کاربکەین بۆ بەدیهێنانی هەنگاوی یەکەم بەم ئاراستەیە، ئەویش بنیاتنانەوەی بزاڤەکەمانە لەمیانی کۆنگرەی کوردی سووریا، کە نوێنەرانی گەل لە پێکهاتە و توێژ و رەوتە سیاسییەکان دەگرێتەخۆ، بەتایبەتیش نوێنەرانی زۆرینەی هاونیشتمانییانی سەربەخۆ لە لاوان و ئافرەتان و کۆمەڵگای مەدەنی و نوێنەرانی سەرجەم حزبەکان، ئەو وەختە و کاتێکیش شەرعییەتی بزاڤەکە دەگەڕێتەوە و سەرکردایەتییەکەی هەڵدەبژێردرێت، مەسەلەی بڕیاری سەربەخۆیی کوردی سووریا لە پێشەوەی خشتەی کارەکانەوە دەبێت، لەپاڵ ئەرکی لێپرسینەوەی دادپەروەرانە لەوانەی دەرحەق بە هەر دوو دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی تاوانیان کردووە و زیانیان پێ گەیاندوون.

**۳-** گرووپگەلێکی سیاسی و چەند کەسێك هەن، ئەوە لە بیردەکەن کە ململانێی سەرەکی لەگەڵ رژێمی دیمەشقە، کە لە پێشەوەی دوژمنانی کورد و هەموو سوورییەکانە و لە مافەکانمان بێبەشی کردووین و نکوڵی لە بوونمان دەکات و خوێنی خەباتگێڕانی ئێمەی رشتووە، پەردەپۆشکردنی ئەمەش بە سەرنجڕاکێشان بۆ چەند شەڕێکی زارەکی و وەهمیی هەڵگیرساو لەگەڵ دەوڵەت و لایەنەکانی دیکە، گەلی کوردی سووریاش حیسابی لاوەکی، یان مێژوویی لەگەڵدا دەکرێت کە چەندین سەدەیە لە ئارادایە و پەیوەستە بە چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی کێشەی کورد، لەوانە رژێمەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و دەوڵەتانی ناتۆ و رژێمە ئیقلیمییەکانی دیکە، گۆڕەپانی

**گرووپگەلێکی سیاسی و چەند کەسێک هەن، ئەوە لە بیردەکەن کە ململانێی سەرەکی لەگەڵ رژێمی دیمەشقە، کە لە پێشەوەی دوژمنانی کورد و هەموو سوورییەکانە و لە مافەکانمان بێبەشی کردووین**

سووریاش نە لە رووی هاوسەنگیی هێزەکانەوە و نە لە رووی نیشتمانی و سیاسییەوە گونجاو نییە، بۆ ئەوەی حیساب لەگەڵیاندا پاك بکرێتەوە، یان دوژمنایەتیی کۆن، یان تازە، کە تەنیا بە رێگای ئاشتییانە و یاسایی و خەباتی بەردەوامی ئاشتی چارەسەر دەکرێت، ئەمەش بێ ئەوەی ئەو گرووپە سیاسییانە ئەرکی تەنانەت دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی لەئەستۆ بگرن، چونکە گرووپەکانی پەکەکە بە سەرۆکایەتیی ناوەند- قەندیل- و پاڵپشتیی قاسم سولەیمانی، تورکیای پەلکێش کرد و ململانێی کوردی تورکیای لەگەڵ خۆی گواستەوە بۆ ناوچە کوردییەکانمان لە سووریا، کە زۆربەی ئەو ناوچانە خاپوور بوون و چۆڵ کراون، هەروەها خۆخستنە ژێر کاریگەریی زێدە هەستەوە و تۆمارکردنی هەڵوێستگەلی قارەمانێتیی دۆنکیشۆتی، ئەمەش بۆ رازیکردنی لایەنێك، یان چاوبڕینە پێگە و بەرژەوەندیی تایبەت، یان چوونە نێو پرۆسەیەکی چەواشەکاری بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی ئایدیۆلۆجیی زانراوی حزبی.

گەلی کوردی سووریا کە لەسەر ئایدیا و چەمکگەلی راستگۆیی و بزاڤە نیشتمانییەکەی پەروەردە بووە، ناڵێم حزبەکانی هۆشیارە بە ئەرکە نەتەوەییەکانی لەپاڵ ئەرکە نیشتمانییەکان، پاڵپشتیی مرۆیی و ماددی و مەعنەوی بێشومار و بێبەرامبەری پێشکەش بە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ کردووە و لە کوردستانی عێراق، تا رادەیەکی زۆریش هاوسۆز بووە لەگەڵ مەینەتیی براکانیان لە کوردستانی تورکیا، سەرکردە و کادیرەکانیان لەنێو ئێمە و ماڵەکانماندا بە سەرفرازی و رێزەوە دەژیان، هاوکات گەلەکەمان خزمەتگوزاریی زۆری پێشکەش بە برایانی کوردستانی ئێران و هەروەها بۆ کەسوکارمان لە دەوڵەتانی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران و کوردانی لوبنان و ئوردن و فەڵەستین و میسر کردووە، کە هەمووشیان ئەرشیف کراون، بەڵام بەداخێکی زۆرەوە ئێستا هەست بە نائومێدی (خەفەکراوی) دەکات، وا دەزانێت کە ئەوانە (بە شێوەی جیاواز) چاکەکەیان نەداوەتەوە و هاوکارییان نەکردووە بۆ رزگاربوون کە خەریکە بەجارێ دەخنکێت.

مێژووی بزاڤی کوردستانی پێشینەی زۆری گەواهیدەری لەم بوارەدا تێدایە، کوردی عێراق بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر هاتنەدەست بۆ رزگارکردنی کوردانی ئێران و داکۆکییان لە کۆمارە ساواکەیان کرد، قوربانیشیان پێشکەش کردووە، بێ ئەوەی ئەو کاتە مامەڵە لەگەڵ رژێمی شا بکەن، یان هاوکاریی بکەن کە دواجار بوونە پەنابەر لە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران، دوای درێژترین کۆچ و پەڕینەوە کە تژی بوو لە مەترسی و کارەسات، لەکاتێکدا دەبینین گرووپەکانی پەکەکە لەوەتەی سەرهەڵدانی شۆڕشی سووریا روویان لە وڵاتەکەمان کردووە، وەك سەرکەوتنێك بۆ رژێمی ئەسەد و دژی شۆڕش و هەموو خواستەکانی گەلەکەمان بووە، کە گرەوی لەسەر سەرکەوتن و هێنانەکایەی سیستەمێکی دیموکراسی و چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکەی دەکرد، پێش ئەوەی ئیسلامی سیاسی لە رێبازەکەی لای بدات، بۆیە پەکەکە یەکێك بوو لەو هێزانەی کە دژ و پێچەوانە بوون.

٤- هەر لەو سۆنگەیەوە، هەندێك هێز هەن کە کێشەی خەبات لەپێناو رزگارکردنی کورد لە بەشەکانی دیکە دەخەنە سەرووی ئەولەوییەتەوە، تەنانەت پێیانوایە کە زیاتر لە ٩٠٪ی گرنگیدانی ئەوانە تایبەتن بە هەواڵەکانی ناوچە و شارەکانی سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان، زۆر جاریش نەخشەی سیاسەتی حزب و سەرکردەکانیان دەکێشن و دەبنە لایەك لە شتی بچووك پێش گەورە، لەکاتێکدا خستەڕووی کێشەکانی کوردانی سووریا وەك ئەولەوییەت پشتگوێ دەخەن، زۆر کەس کاتێ سەرکردەی حزبەکانی هاوپەیمانمان لە کوردستانی عێراق و تورکیا بۆ نموونە پەنابەر بوون لە سووریا، ئێمەی کوردی سووریا لە خزمەتیاندا بووین، تەنانەت بەپێی نیازپاکیی خۆمان بووینە بەشێك لە چالاکییەکانیان، لە هەمان کاتدا ئەوانە هەماهەنگکار و هاوکار بوون لەگەڵ دەزگاکانی رژێم، لە هەلومەرجێکی تایبەتدا ئەمە واتاکەی دیارە، بەڵام سوپرایزێکی ناخۆش بوو کاتێ هەندێ لەو سەرکردایەتییانە کاریان بۆ (گەڕاندنەوەی کوردانی سووریا بۆ زێدی خۆیان لە باکوور) دەکرد، واتا رێککەوتن لەگەڵ رژێم بەوەی کە کورد دزەیان کردووە و لەسەر خاکی خۆیان نین و دانیشتووانی رەسەن نین. بە قسەی - مونزیر موسڵلی- ئەفسەری پێشووی ئەمنی و نووسەری دوو کتێب دەربارەی کورد، کە رەتی دەکاتەوە کوردی سووریا وەك گەلێك هەبن، منیش وەك شەخس دەکاتە ئامانج و دەڵێت: (سەلاح بەدرەدین

گرووپەکانی پەکەکە بە سەرۆکایەتیی ناوەند- قەندیل- و پاڵپشتیی قاسم سولەیمانی، تورکیای پەلکێش کرد و ململانێی کوردی تورکیای لەگەڵ خۆی گواستەوە بۆ ناوچە کوردییەکانمان لە سووریا، کە زۆربەی ئەو ناوچانە خاپوور بوون

گەلەکەمان خزمەتگوزاریی زۆری پێشکەش بە برایانی کوردستانی ئێران و هەروەها بۆ کەسوکارمان لە دەوڵەتانی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران و کوردانی لوبنان و ئوردن و فەڵەستین و میسر کردووە، کە هەمووشیان ئەرشیف کراون

کوردی عێراق بە سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر هاتنەدەست بۆ رزگارکردنی کوردانی ئێران و داکۆکییان لە کۆمارە ساواکەیان کرد، قوربانیشیان پێشکەش کردووە، بێ ئەوەی ئەو کاتە مامەڵە لەگەڵ رژێمی شا بکەن

تاکە کەسە کە پێی وایە گەلێکی کوردی ڕەسەنی سووریا هەبێت، لەکاتێکدا هەموو سەرکردەی حزبە کوردییەکانی عێراق کە ئەوکاتە لە سووریا بوون، نابینن کە بەشێك لە کوردستان لە سووریا هەبێت)، ئەمەش بەپێی لێکدانەوەی ئەو، وەك ئەوەی لە هەردوو کتێبەکەیدا دەیگێڕێتەوە.

کار لای هەندێك کوردی ساویلکەی سووریا و خاوەن مەرامی ناپەسند گەیشتە ئەوەی کە لایان وابوو چەکی —نیشتمانپەروەری و خیانەتکاری- لە گیرفانی ئەو میوانە پەنابەرانەدایە، بۆیە هەر سەرکردە و خەباتگێڕێکی کوردی سووریایان بە بەکرێگیراو تۆمەتباردەکرد، بۆ سەلماندنی بەڵگەکانیان پشتیان بە لێدوانی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرسی برایانی کوردی عێراق، یان تورکیا دەبەست، کە لە دیمەشق و لە سایەی دەزگاکانی ئەمنی سووریادا بوون، چونکە ڕژێمی ئەسەدی باوك و کوڕیشی، کێشەی کوردیان وەك پرسێکی ئەمنی هەژمار دەکرد، بەم شێوەیە لە بارودۆخێکی سەخت و ئاڵۆزدا دەژیاین، بزاڤەکەشمان لە ئەنجامی ئەو کەشە نا سرووشتییە ڕووبەڕووی پەرتەوازەیی و جیابوونەوە بوو، کە هۆکارێك بوو بۆ ئەو فرە بێشوماریيەی لە ژمارەی حزب و گرووپەکان هاتۆتە ئاراوە، کە بۆتە مایەی گازاندە و گاڵتەجاڕی و سووکایەتی.

٥- مەسەلەی دیالۆگ لەگەڵ ڕژێمی دیمەشق لەبەردەم هەندێ گرووپی سیاسیی و حزبیدا ڕێگاکی کراوەیە، کە پێش سەرهەڵدانی شۆڕش و لەو کاتەشدا و تا ئێستاش جگە لە خەیاڵ هیچ دەستکەوتی نەبووە، بۆیە کاتێ گرووپە سیاسییەکانمان دەخەینە لاوە، دەبینین هەندێ لە ڕۆشنبیران بەئاشکرا داوای چوونە دیمەشق دەکەن، بەو ناوەی کە کێشەی کورد لە پایتەختی سووریا چارەسەر دەکرێت، ئێمە نکۆڵی لەوە ناکەین و لە لەدەستدانی هەموو ئومێدێك لای ئەوانە بە حزبەکان و هەستکردنیان بە بۆشاییەکی نیگەران و نەبوونی پاڵدەر و تەوەر و مسۆگەری تێدەگەین، بەڵام کام دیمەشق؟ دیمەشقی ڕژێمی ستەمکاری ئەسەد، یان دیمەشقی گەل؟ پاشان ئایا بزاڤی سیاسیی کورد یەکگرتووە و بە ناوی زۆرینەی کوردی سووریاوە، لەگەڵ هەر لایەنێك لەوانەش ڕژێمی دیمەشق، ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن؟ ئایا ڕێککەوتنی سەرکردایەتیی حزبە کوردییەکان لەگەڵ ڕژێم لەوەتەی پێش ساڵی ١٩٦٥ تاکو ئێستا چ مافێکی دەستەبەرکردووە؟ ئەزموونی خۆمان و ئەزموونی شەریکەکانی نیشتمانیی سووریامان فێریان کردین کە کێشەی کورد بە شێوەی دادپەروەرانە و بە تەواوی چارەسەر ناکرێت، تەنیا بەو سێ مەرجە دەبێت (کۆدەنگیی نەتەوەیی کورد، تەوافوقی نیشتمانی، هەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی) ئەو سێ مەرجە تا ئێستا لە ئارادا نین.

٦- لیژنە و چالاکییەکان کە مۆرکی ناوچەگەری و توێژایەتییان پێوە بێت، ئامانجەکە ناهێنێتەدی و سەرجەم گەلیش لە هاوکاریی جیهانی بەرامبەر کێشە ناوەندییەکەی بێ بەش دەکات، لەگەڵ نیازپاکیشدا، بەڵام ناکرێ بەهیچ جۆرێك خەباتی نیشتمانیی کورد بە هۆکاری ئایینی، یان ناوچەگەری، یان هەر هۆکارێکی دیکە بەش بکرێت، هەرچەندە ئەو کەسانە لەخۆبردووانە هەست دەکەن کە لە خاوەن ماڵی فەرامۆشکراون، بە شێوەیەك ئەو حزب و ئەنجومەنە حزبییانە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی ئەم توێژ، یان ئەو ناوچەیە ناکەن، تەنانەت ئەوانەشی تێدا نین کە لە ڕیزی سەرکردایەتییەکاندان،

٧- فەرامۆشکردنی ئەرکی یەکخستنەوەی سەنتراڵییانەی بزاڤەکەمان و گوێ پێ نەدانی بە دەستەواژەیەکی وردتری بەیەکجاری پەراوێزخستن و پابەندبوون بە شتی لاوەکییەوە لەبری ئەو، بۆ نموونە بانگهێشتکردنی کوردانی ئەورووپا بۆ کۆبوونەوە و بەڵێن پێدانی زۆر، ئایا ئەوانە نازانن کە هەر کوردێك لە وڵاتانی دەرەوە، یان بێ لایەنە یان پابەندە بە حزبێکەوە و لایەنگری هێزێکی کوردستانییە، کە هەموویان لەگەڵ یەك ناکۆکن، کەواتە چۆن دەکرێ لەو حاڵەتەدا ئەوانە کۆبکرێنەوە؟ مەگەر ئەو شتە ئەجینداو ئامانجی دیکەی لە پشتەوە بێت.


سەدان مەسەلەی زیندوو هەن کە پەیوەستن بە ژیانی خەڵکەوە، لەوانە خراپیی ڕەوشی کۆچبەران لە هەر چوار پارچە لە پەروەردە و تەندروستی و مووچە و هەژاری و بێکاری، کە ئەمانە زۆر گرنگن، بەڵام هیچ چارەسەرێکی تەواویان نییە، تەنیا بە بەدیهێنانی ئەرکی سەرەکی نەبێت کە ئەویش ڕووخاندنی ستەمکاری و هێنانەکایەی گۆڕانکاریی دیموکراسییە.

**زۆر کەس کاتێ سەرکردەی حزبەکانی هاوپەیمانمان لە کوردستانی عێراق و تورکیا بۆ نموونە پەنابەر بوون لە سووریا، ئێمەی کوردی سووریا لە خزمەتیاندا بووین، تەنانەت بەپێی نیازپاکیی خۆمان بووینە بەشێك لە چالاکییەکانیان، لە هەمان کاتدا ئەوانە هەماهەنگکار و هاوکار بوون لەگەڵ دەزگاکانی ڕژێم**

**سورپرایزێکی ناخۆش بوو کاتێ هەندێ لەو سەرکردایەتییانە کاریان بۆ (گەڕاندنەوەی کوردانی سووریا بۆ زێدی خۆیان لە باکوور) دەکرد، واتا ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێم بەوەی کە کورد دزەیان کردووە و لەسەر خاکی خۆیان نین و دانیشتووانی ڕەسەن نین**

**مەسەلەی دیالۆگ لەگەڵ ڕژێمی دیمەشق لەبەردەم هەندێ گرووپی سیاسیی و حزبیدا ڕێگاکی کراوەیە، کە پێش سەرهەڵدانی شۆڕش و لەو کاتەشدا و تا ئێستاش جگە لە خەیاڵ هیچ دەستکەوتی نەبووە**

## دیمانەی تایبەت



**جۆن تیرمـان بەڕێوەبـەر و توێـژەری سـەنتەری دیراسـاتی نێودەوڵەتییـە لـە ئەنسـتیتیوتی تەقەنـی ماساشوسێتس، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك چارەسەری ناکۆکی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییـەکان، ناکۆکیـی ئیتنـی، سیاسـەتی دەرەوە و تیرۆریـزم و مافەکانـی مـرۆڤ، هەروەهـا خاوەنـی چەندیـن کتێبـە لـە بـارەی کاروبـار نێودەوڵەتییـە. گـوڵان دیمانەیەکی لەگەڵـدا ئەنجامـدا کـە تەوەرەکانـی پەیوەسـت بـوون بـە سیاسـەتی دەرەوەی ئیـدارەی سـەرۆك دۆناڵـد ترەمـپ لـە ئاسـت ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئـاکام و دەرهاویشـتەکانی ئـەم سیاسـەتە لەسـەر ئـەم ناوچەیـە و چەنـد پـرس و بابەتێکـی دیکـەی پەیوەندیـدار.**

## جۆن تیرمان

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتیوتی تەقەنی ماساشوسێتس بۆ گوڵان:

# ترەمپ ئاکامە زیانبەخشەکانی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەوە لەبەرچاو ناگرێت

*** هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چییە؟**

- لە راستیدا مایەی داخە کە ئێمە بەم دواییە — دوای بڕیاری سەرۆك ترەمپ بۆ رێگەدان بە دەستێوەردانی تورکیا لە باکووری سووریا- دەستبەرداری کورد بووین کە هاوکار بوون لە ئیحتیواکردن و دوورخستنەوەی هەڕەشە و مەترسیی داعش و بەم شێوەیە کورد کەوتە دۆخێکەوە رووبەڕووی هێرش و پەلامارەکانی ئەو میلیشیایانە ببێتەوە کە تورکیا پاڵپشتییان دەکات. لەم روانگەیەوە من دەڵێم شتێکی باوە کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ئاکام و دەرهاویشتەکانی بڕیارەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نادیدە دەگرێت و ئەمەش زیاتر مایەی نیگەرانییە، چونکە ئەو شارەزایی نییە لەبارەی زۆرێك لەو پرسانەی بڕیاریان لەبارەوە دەدات، بۆ نموونە هیچ هۆکار و پاساوێك نەبوو بۆ ئەوەی ئەمریکا دەستبەرداری کورد بێت. ئێمە دەزانین کە سەرۆك ئەردۆغان هەڕەشەی ئەوەی کرد کە دەرگا والا دەکات بۆ چوونی ژمارەیەکی زۆری پەنابەر بۆ ئەورووپا تاوەکو ئەورووپییەکان ناچار بکات، پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن لەو پرسەدا، بەڵام هیچ هۆکارێك نەبوو کە ئەمریکا ناچار بێت پاڵپشتی لە سیاسەتەکانی ئەردۆغان بکات و لە دەرئەنجامیشدا بینیمان کە ئەو بڕیارە هەندێ دەرئەنجامی مرۆیی مەترسیداری لێکەوتەوە.

**مایەی داخە کە دوای بڕیاری سەرۆک ترەمپ بۆ ڕێگەدان بە دەستێوەردانی تورکیا لە باکووری سووریا دەستبەرداری کورد بووین**

*** بەڵام پاڵنەری راستەقینەی پشت ئەم بڕیارانەی سەرۆك ترەمپ چین، بەتایبەتی کە ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاکامی زیانبەخشیان لێ دەکەوێتەوە؟**

- لە راستیدا پاڵنەرە سەرەکییەکەی

**ترەمپ هەندێ قەرزی لە کەسانی نزیکی پوتین وەرگرتووە، ئەگەر ئەمە بسەلمێندرێت، ئەوا پێشێلکارییەکە کە دەکرێت بە هۆیەوە لە سەرۆکایەتی دوور بخرێتەوە**

**دۆخێکی نالەبار دروست بووە لە ئێراندا بەتایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە کە دەکرێت بڵێین دەرئەنجامی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا بووە بەسەر ئەو وڵاتەدا**

**ئەم ناوچەیە پێویستی بە کەسانێکە کە لە نێو خودی وڵاتەکانەوە سەرهەڵبدەن و کار لەسەر دەستەبەرکردنی خواستی خەڵک و برەودان بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بکەن**

دۆناڵد ترەمپ بریتییە لە سڕینەوە، یان پێچەوانەکردنەوەی بڕیارەکانی ئیدارەی پێش خۆی (ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما)، کە لەم رووەوە بینیمان سەرۆك ترەمپ بڕیاری دا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا بکشێتەوە، کە چارەسەرێکی کاتیی زۆر باش بوو بۆ خەون و تمووحە ناوکییەکانی ئێران. کەواتە دەتوانین بڵێین بڕیارەکانی زیاتر کاردانەوەن بۆ سیاسەتەکانی ئیدارەی پێش خۆی لەبری ئەوەی هەوڵێك بن بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی روون و جێگیر. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رووسیاوە ئەوا ئاشکرایە کە ئەم مەسەلەیە هەندێ پرسی دارایی لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی کە تا رادەی دڵنیایی ئەوە یەکلابۆتەوە کە ترەمپ هەندێ قەرزی لە کەسانی نزیکی پوتین وەرگرتووە، ئەگەر ئەمە بسەلمێندرێت، ئەوا پێشێلکارییەکە کە دەکرێت بە هۆیەوە لە سەرۆکایەتی دوور بخرێتەوە. ئەمە سەرەڕای پەیوەندییە ناعەقڵانی و پڕ لە هەڵبەز و دابەزەکانی لەگەڵ کۆریای باکووردا.

*** بەڵام تا چەند بڕیارەکانی سەرۆك ترەمپ بوونەتە هۆی ئەوەی چیتر نەتوانرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت وەك هاوپەیمانێك؟**

- زۆرجار پرسی میسداقییەتی هێزە گەورەکان — وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- دەورووژێندرێت، بۆ نموونە رەنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە ناکرێت متمانە بە ئەمریکا بکرێت، بەتایبەتی لە دوای بڕیارەکەی بۆ دەستبەرداربوونی لە کوردی سووریا، رەنگە ئەم بڕیارە بە تەنیا ئەم دەرئەنجامەی لێ نەکەوێتەوە، بەڵام کاتێك ئێمە لە وێنە گشتییەکە دەڕوانین و پرسی کشانەوە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و هەڵکشان و داکشانی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆریای باکوور و پرسی ئابڕووچونەکانی پەیوەست بە ئۆکرانیاوە لەبەرچاو دەگرین، ئەوا سیاسەتێکی روون و جێگیر بەدی ناکەین کە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ پیادەی بکات، لەم روانگەیەوە زۆرێك لە پایتەختەکانی جیهانی بە جددی لێدوانەکانی وەرناگرن، کاتێك رایدەگەیەنێت کە کارێکی دیاریکراو ئەنجام دەدات، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ وڵاتێك کە هێشتا باڵاترین هێزی ئابووری و باڵاترین هێزی سەربازییە لە جیهاندا.

*** پێت وانییە هۆکاری سەرەکی نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر لەلایەن سەرۆك ترەمپەوە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە چیتر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەراورد بە رابردوو بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا گرنگ نییە؟**

- لە راستیدا هەمیشە ئەو مشتومڕە لە ئارادایە کە ئایا تا چ رادەیەك ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لەم رووەوە بەرژەوەندییە گەورەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بریتی بووە لە پشتیوانیکردن لە ئیسرائیل و دەستەبەرکردنی هەناردەکردنی نەوت لەم ناوچەیەوە، ئەوەی پەیوەست بێت بە پشتیوانیی ئیسرائیلەوە ئەوا ئەمە مەسەلەیە نەگۆڕاوە، بەڵام ئێمە دەزانین لە ئێستادا ئەمریکا خۆی دەتوانێت بەشی پێویستی نەوت بۆ خۆی دابین بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی گرنگە بۆ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا کە پێویستیان بە نەوت و غازی ئەم ناوچەیە هەیە. کەواتە ئەمانە دوو ستوون و پایەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە لە ئاست ئەم ناوچەیە. مەسەلەکانی دیکەی وەك بەرهەڵستیکردنی چالاکییە ئیقلیمییەکانی ئێران و پشتیوانیکردن لە وڵاتێکی وەك عەرەبستانی سعودیە بە نەگۆڕی ماونەتەوە. هەروەها ئەمریکا شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعشی کرد لەم ناوچەیەدا کە لە بنەڕەتدا لەبەر ئەوە بوو کە ئەمریکا باڵادەستترین هێزی سەربازی هەبوو کە توانای ئەنجامدانی ئەم ئەرکەی هەبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەمریکا بە رادەیەکی گەورە بەرپرسیار بوو لە هاتنەئارای ئەو دۆخە بە هۆی داگیرکارییەکەی بۆ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و ئەوەی دواتر روویدا.

*** رەهەندێکی دیکەی سیاسەتی دەرەوەی سەرۆك ترەمپ لە ئاست هەندێ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە، وەك ئێران، بریتییە لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی سزا و فشاری ئابووری بۆ**

**هێنانەئارای بەرژەوەندییەکان، یان ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ کارایی ئەم شێوازی مامەڵەکردنە چییە؟**

- ئەوە راستە کە ئەم ئیدارەیە پتر مەیلی بەکارهێنانی سزاکانی هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ وڵاتی فەنزویلا و رووسیادا. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە ئەوا ئاشکرایە کە دۆخێکی نالەبار دروست بووە لە ئێراندا بەتایبەتی لە دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە کە دەکرێت بڵێین دەرئەنجامی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا بووە بەسەر ئەو وڵاتەدا. ئەگەر باس لەوە بکەین تا چ رادەیەك ئەم سزایانە کارا بوون، ئەوا لە راستیدا کارایی ئەم سزایانە جێی پرسیار و گومانن، چونکە سەریان نەکێشاوە بۆ ئەوەی ئێران سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆی بگۆڕێت، ئەوەتا هێشتا پاڵپشتی لە بەشار ئەل ئەسەد دەکات و هێشتا درێژە بە پشتیوانییەکانی دەدات بۆ حوسییەکانی یەمەن، هەروەها هەڵسوکەوتەکانی لە ناوخۆشدا نەگۆڕیوە لە پەیوەندی بە مافەکانی مرۆڤەوە. واتە راستە رەوشێکی نالەبار دروست بووە، کە رەنگە ئەمە جێی خۆشحاڵی ترەمپ و پۆمپیۆ بێت، بەڵام دەرئەنجامەکە بە چەشنێك نییە کە بتوانن بانگەشەی بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی گەورە بکەن. چونکە دەرئەنجامەکە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران دووچاری ئێش و ئازارێکی زۆر بوونەتەوە لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە کاریگەریی سزاکان یەکەمجار لەسەر ژیانی خەڵکی ئاسایی رەنگدانەوەی دەبێت.

*** پێت وایە پێویستە ئەمریکا چ شێوازێکی کارکردن بگرێتەبەر بۆ هاوکاریکردنی ئەم ناوچەیە**

- پێویستە لە هەنگاوی یەکەم پشتیوانی حکومەتە دیموکراسییەکان بکات لەو وڵاتانەدا کە کەم تا زۆر بوونیان هەیە، هەروەها من باوەڕم وایە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دووبارە ببێتەوە بەشێك لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا، چونکە ئەمە رێککەوتنێکی باش بوو و پێویستە بە جۆرێك لە جۆرێك بهێنرێتەئارا. ئەوەی پەیوەندی بە سوریاوە هەبێت، ئەوا دۆخەکە هێندە ئاڵۆزە کە زەحمەتە دەستنیشانی ئەوە بکەین ئەمریکا بتوانێت کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدات بۆ باشترکردنی رەوشی ئەو وڵاتە. ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتانی وەك میسر و تورکیاوە ئەوا لەم دوو وڵاتەدا دوو دەسەڵاتی خۆسەپێن هەن کە ئەمریکا کارێکی کەمی لەدەست دێت بۆ هاوکاریکردنیان بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵبگرن. هەروەها عەرەبستانی سعودیەش کێشەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا دروست دەکات، کە ئێمە لەم رووەوە دەتوانین ملکەچی خواست و ویستەکانی



سعودیە نەبین، بۆ نموونە دەتوانین چیتر پاڵپشتی شەڕی سعودیە نەکەین لە یەمەندا لە پێناو هاتنەئارای چارەسەرێکی دیپلۆماسی لەو وڵاتەدا. بە شێوەیەکی گشتی ئەم ناوچەیە پێویستی بە کەسانێکە کە لە نێو خودی وڵاتەکانەوە سەرهەڵبدەن و کار لەسەر دەستەبەرکردنی خواستی خەڵك و بەرەودان بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بکەن. کە ئەمەش کارێکە دەبێت لە نێو خودی ئەو وڵاتانەدا روبدات و ئەمریکا ناتوانێت لە دەرەوەرا بیسەپێنێت.



ئیان لەستیك پرۆفیسۆری بەشی زانستی سیاسییە لە زانكۆی پەنسلڤانیا. وانەبێژی چەند بوارێكی گرنگە وەك سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی بەراوردكاری. پێشتریش وانەبێژ بووە لە كۆلێژی دارتمەوس و سەرۆكی بەشی مێژوو و سیاسەت بووە لە كۆمەڵەی ئەمریكی بۆ زانستی سیاسی و هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی پەیوەندییەكانی دەرەوە بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد كە پەیوەست بوون بە پرسی ئەوەی ئایا ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سیاسەتێكی دیاریكراوی لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، كە بتوانرێت رواڵەت و رەهەندەكانی دەستنیشان بكرێن، هەروەها ئەو پرسە تاوتوێ كرا كە ئەمریكا چۆن دەتوانێت دووبارە پەیوەندییەكی بنیاتنەرانە و بەرهەمدەرانە لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا بنیات بنێتەوە.

دیمانەی تایبەت



ئیان لەستیک
تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# پێویستە ئەمریکا لەگەڵ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرە بە پەیوەندییەکی بنیاتنەرانە بدات

*** ئاشکرایە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و قەیرانە و بۆتە گۆڕەپانی ململانێ و برەودانی دەستڕۆیشتوویی هێزە ئیقلیمی و جیهانییەکان و لە ئێستاشدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا دەستڕۆیشتووترین هێزە، ئایا لە ئاست ئەم ناوچەیە چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەڕوانێت؟**

- لە راستیدا رەنگە رەوا بێت بڵێین کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ سیاسەتێکی دیاریکراوی نییە کە ئاماژە بە رواڵەت و رەهەندەکانی بکەین، چونکە ئەوەی لەم رووەوە بەدی دەکەین لە خودی سەرۆك ئەوەیە کە کەسێکی پێشبینی نەکراوە و هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەفتانە و بگرە رۆژانە و بە رادەیەکی ریشەیی سیاسەت و هەڵوێستەکانی بگۆڕێت. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەم ئیدارەیەی ئێستای ئەمریکا سیاسەتێکی دیاریکراوی لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بە چەشنێك نە رکابەرەکانی و نە هاوپەیمانەکانی لە بارەی سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپەوە لەم ناوچەیەدا بەرچاویان روون نییە.

*** کەواتە ئەگەر سیاسەتێکی دیاریکراو، یان سیاسەتێکی جێگیر نەبێت لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئایا دەرئەنجام و دەرهاویشتە خراپەکانی نەبوونی ئەم سیاسەتە لەسەر بەرژەوەندییەکانی خودی ئەمریکا و لەسەر سەقامگیری ئەم ناوچەیە چییە؟**

- بە تێڕوانینی من نەبوونی ئەم سیاسەتە

**ئەم ئیدارەیەی ئێستای ئەمریکا سیاسەتێکی دیاریکراوی لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بە چەشنێک نە رکابەرەکانی و نە هاوپەیمانەکانی لە بارەی سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپەوە لەم ناوچەیەدا بەرچاویان روون نییە**

**هیچ هێز و لایەنێکی نێو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناکەن**

**ئێمە زەمینەمان رەخساند بۆ سەرهەڵدان و هاتنەئارای ئەندازەیەکی گەورەی توندوتیژی، لە نێویاندا شەڕی ناوخۆیی و دواتر دروستبوونی داعش**

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵێکی تێکدەرانەی لە کێشە و ناکۆکیی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا هەبووە**

**رکابەرییەک لە نێوان خودی سەرۆک و سوپای وڵاتەکەدا دروست بووە، لەبارەی ئەوەی پێویستە ئەمریکا چ سیاسەتێک بگرێتەبەر لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بە خێرایی ئەم سیاسەتە پیادە بکات**

کاریگەری و ئاکامی زیانبەخشی لێ دەکەوێتەوە، لە راستیدا حاڵی حازر ئەم کاریگەرییە زیانبەخشە بەدی دەکرێت و، یەکێك لە زیانەکانیش ئەوەیە کە هیچ هێز و لایەنێکی نێو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر متمانە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناکەن.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئۆباڵی بەرپرسیارێتی لانی کەمی هەندێك لە کێشەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەستۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**


- ئەوە راستە چونکە لە زۆر رووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرپرسیارێتیی زۆرێك لە پشێوی و بگرە توندوتیژییەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە ئەستۆیە. بۆ نموونە: دوای داگیرکاریی عێراق ئەگەرچی پارێزگاریی بۆ کورد و هەندێ لە پێکهاتەکانی دیکە دابین کرد، بەڵام ئێمە زەمینەمان رەخساند بۆ سەرهەڵدان و هاتنەئارای ئەندازەیەکی گەورەی توندوتیژی، لە نێویاندا شەڕی ناوخۆیی و دواتر دروستبوونی داعش. هەروەها ئەمریکا رۆڵی هەبوو لە رووداوە کارەساتبارەکانی وڵاتی سوریا. لە هەمان کاتدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆڵێکی تێکدەرانەی لە کێشە و ناکۆکیی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا هەبووە. لەم روانگەیەوە رەنگە کشانەوەی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا ئاکامێکی خراپی نەبێت بۆ سەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەرچی رەنگە کاریگەری خراپی لێ بکەوێتەوە لەسەر هەندێ لە پێکهاتەکانی وەك کورد کە پشتیان بە پارێزگاریی ئەمریکا بەستووە.

*** ئایا پێت وایە نەبوونی سیاسەتێکی دیاریکراو، یان بوونی سیاسەتێکی ناجێگیر لە ئاست ئەم ناوچەیە هۆکارەکەی ئەو راستییەیە کە بە بەراورد بە رابردوو، چیتر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی ئەوتۆی نییە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا؟**

- لە راستیدا کێشەکە لەوەدایە کە سیاسەتێکی عەقڵانی لە واشنتۆن پیادە ناکرێت، کە پاڵنەرەکەی پاراستن و برەودان بێت بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. خۆ ئەگەر ئاماژە بە بەرژەوەندییەکی دیاریکراوی ئەمریکاش بکرێت لەم ناوچەیەدا ئەوا پەیوەستە بە بەرژەوەندییەکانی رووسیاوە، لەم رووەوە من پێم وایە ئەمریکا شوێنکەوتەی سیاسەتەکانی رووسیایە لەم ناوچەیەدا، یان با بڵێین کە بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی نییە کە بووبێتە سەرمەشقی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا، لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا ئەوەتا ململانێیەك، یان رکابەرییەك لە نێوان خودی سەرۆك و سوپای وڵاتەکەدا دروست بووە، لەبارەی ئەوەی پێویستە ئەمریکا چ سیاسەتێك بگرێتەبەر لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بە خێرایی ئەم سیاسەتە پیادە بکات و ئەمریکا چ هێزێکی لە ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت. ئێوە بڕوانن کە کۆنگرێسی ئەمریکا دەیەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە پەیوەندی بە شەڕی وڵاتی یەمەنەوە پشتیوانییەکانی بۆ عەرەبستانی سعودیە رابگرێت، بەڵام ئەوەتا سەرۆکی ئەمریکا ملکەچی ئەمە نابێت، لەبەر ئەوەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پەیوەندییەکی دیاریکراوی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودیە و هەروەها لەگەڵ رووسیاشدا هەیە، کە ئەم پەیوەندییانەش خراوەنەتە سەرووی سەرجەم ئەولەوییەتەکانی دیکەوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت ئەمریکا بە شێوەیەکی بنیادنەرانە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا دابڕێژێتەوە، کە لە یەك کاتدا دەستەبەری بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات و سەقامگیری و ئارامییش لەم ناوچەیەدا بێنێتە ئاراوە؟**

- ئەمە پرس و پرسیارێکی جیاوازە، تێڕوانینی من ئەوەیە کە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك بەهێزترین و دەستڕۆیشتووترین هێز لە جیهاندا، پەیوەندییەکی بەرهەمدار و بنیاتنەرانە لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا پەرە پێ بدات، لەم رووەوە ناتوانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تەنیا پشت ببەستێت بە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی وەك فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە، بەڵکو دەبێت هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا رەچاو بکات و ئەو راستییەش لەبەرچاو بگرێت کە هێزە دەستڕۆیشتووەکانی ناوچەکە بەرپرسیارێتییان هەیە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. ئەمەش بە



واتای ئەوە دێت کە وڵاتانی وەك ئیسرائیل و تورکیا و ئێران کە هێزی دەستڕۆیشتووون دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت، مەبەستم ئەوەیە نابێت تەنیا وەك هێزێکی شەرعی لە تورکیا و ئیسرائیل بڕواندرێت، بەڵکو دەبێت لە هەمان کاتدا وڵاتێکی وەك ئێرانیش بە هێزێکی شەرعی ئەم ناوچەیە هەژمار بکرێت. چونکە ئێمە دەبێت ئەوە نادیدە نەگرین کە ئەوەی لەم ناوچەیەدا ڕوودەدات، یان پێشهات و پەرەسەندنەکان سەرجەمیان زادەی حکومەت و گەلانی ئەم ناوچەیەن.

*** خاڵێکی دیکە کە جێی سەرنجە لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە ئەوەیە کە بە ئەندازەیەکی گەورە وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی، یان ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی پەنا بۆ بەکارهێنانی فشار و ئابڵوقەی ئابووری دەبات، بەتایبەتی ئەوەی لە ئاست ئێراندا بەدی دەکەین، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- بە تێڕوانینی من کاریگەری و دەرئەنجامەکانی گرتنەبەری سیاسەتی سزا و فشاری ئابووری، پتر لەسەر دانیشتووانی وڵاتە بە ئامانجگیراوەکە ڕەنگ دەداتەوە، نەك لەسەر خودی ئەو نوخبەیەی کە دەسەڵاتدارە و سیاسەتی وڵاتەکە دادەڕێژێت و پیادەی دەکات، دواتر من پێم وایە هەندێ جار بۆ نموونە ئەوەی پەیوەست بێت بە کۆریای باکوورەوە، ئەوا لە تێڕوانینی ڕای گشتیی ئەمریکا و کۆنگرێسەوە بژارەی دیکە- جگە لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی سزا و فشاری ئابووری لە ئارادایە، لە نێویاندا بژارەی سەربازی، لەبەر ئەوە کاتێك سەرۆك دۆناڵد ترەمپ وا دەردەکەوێت کە لە ئاست ئێراندا بەهۆی فشار و ئابڵوقە ئابوورییەکانەوە کەسێکی توندە، ئەوا ڕای گشتیی ئەمریکا هاوڕا نییە و پێی وانییە ئەم سیاسەتە وەك پێویست توند بێت، یان زیانبەخش بێت، ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا ئەمە سیاسەتێکی زۆر زیانبەخشە و ڕەنگە سەربکێشێت بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر دەسەڵاتی ئەو وڵاتەش دروست بکات.

*** کەواتە بە شێوەیەکی گشتی پێت وانییە گرتنەبەری سزا ئابوورییەکان ئامرازێکی کارا و کاریگەر بن بۆ ئەوەی ئەمریکا بتوانێت ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی بەدی بهێنێت؟**

- نەخێر، من باوەڕم وانییە کارا بن، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ نموونەی دیاریکراویش هەبن کە ئاماژە بن بەوەی ئەمە شێوازێکی کارایە. کەواتە ئەمە بەندە بەوەی ئێمە باسی چ وڵاتێك دەکەین، بۆ نموونە ئەگەر بێتو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزایەکی کەمیش بەسەر وڵاتی ئیسرائیلدا بسەپێنێت، بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی دیاریکراوەوە لەلایەن ئەو وڵاتەوە، ئەوا کاریگەری و دەرهاویشتەیەکی بەربڵاو و گەورەی لەسەر ئیسرائیل دەبێت، چونکە ئەو وڵاتە بە ڕاددەیەکی گەورە پشت بە ئەمریکا دەبەستێت.

**کۆنگرێسی ئەمریکا دەیەوێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە پەیوەندی بە شەڕی وڵاتی یەمەنەوە پشتیوانییەکانی بۆ عەرەبستانی سعودیە ڕابگرێت**

**کاریگەری و دەرئەنجامەکانی گرتنەبەری سیاسەتی سزا و فشاری ئابووری، پتر لەسەر دانیشتووانی وڵاتە بە ئامانجگیراوەکە ڕەنگ دەداتەوە، نەک لەسەر خودی ئەو نوخبەیەی کە دەسەڵاتدارە**

# بنەما و بوارەکانی میدیای ژینگەیی

پێدانی ناسنامەیەکی تایبەت و سەربەخۆ بە میدیای ژینگەیی وەك ناسنامەی میدیای سیاسی، یان ئابووری، یان هونەری، یان وەرزشی، پێویستی بە چەند مەرجێکی بنەڕەتی هەیە، لەوانە:

١. هەبوونی دامەزراوەیەکی میدیایی تایبەت بە خۆی.

٢. هەبوونی میدیاکارانی پرۆفیشناڵ و پسپۆڕ لەبواری ژینگەدا.

٣. توانای کارتێکردن لەسەر تێڕوانینی تایبەت بە پرسی ژینگە.

**● گرفت و ئاستەنگە گشتییەکانی بەردەم میدیای ژینگەیی**

١. نەبوونی ستراتیژیەتێکی میدیایی تایبەت بە ژینگە، لای دامەزراوە گەورە و سەرەکییەکانی میدیا.

٢. لاوازیی پسپۆڕێتی و پرۆفیشناڵیی ژینگەیی لای زۆرینەی میدیاکاران.

٣. لاوازیی زمانزانیی بیانی، وەك زمانی ئینگلیزی، کە زۆربەی بابەتە نوێیەکانی ژینگە بەو زمانە بڵاو دەکرێنەوە.

٤. گرانیی نرخ و تێچووی میدیای کاغەز.

٥. کەمی، یان نەبوونی ئارەزوو لای خوێنەران بۆ باسی تایبەت بە ژینگە.

٦. فەرامۆشکردنی باسی ژینگە لای زۆربەی کەناڵە میدیاییە بیستراو و نووسراو و بینراوەکان.

٧. نەبوونی هۆکارە زانستییەکان بۆ پێوانی رای گشتی لەبارەی بایەخدان، یان بایەخ نەدان بە میدیای ژینگەیی.

٨. نەبوونی میدیای خاوەن نەفەسی درێژ و بەدواداچوو بۆ کێشە ژینگەییەکان، کە لە چاو رووداوەکانی دیکەدا ئاسەوارەکانی درەنگتر دەردەکەون.

**● گرفت و ئاستەنگە تایبەتەکانی بەردەم میدیای ژینگەیی**

١. نەبوون، یان کەمیی میدیاکارانی ژینگەیی پسپۆڕ لە بواری دۆزی ژینگەدا.

٢. کەمیی پسپۆڕانی ژینگە لە بواری دەرکەوتن لە بوارەکانی گەیاندن و راگەیاندا.

٣. لاوازیی کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری میدیای ژینگەییدا.

٤. لاوازیی رۆڵی بڕیاربەدەست و لێپرسراوانی میدیایی لە بایەخپێدان بە ژینگە.

٥. نەبوونی هاندەری ماددی و واتایی بۆ راگەیاندنکارە ژینگەییەکان.

٦. نەبوون، یان کەمیی خولی میدیایی بۆ پێگەیاندنی میدیاکاری ژینگەیی.

٧. کەمتوانایی میدیاکاران لە پێشکەشکردنی باسەکانی ژینگە بەشێوازێکی ورد و ئاسان لە یەك کاتدا.

٨. پێشکەشکردنی هەواڵەکانی ژینگە وەك وەسف، نەك شیکردنەوەی قووڵ.

٩. نەبوون، یان کەمیی داتاو ژمارە و زانیاریی ژینگەیی.

١٠. کەمیی سوودوەرگرتن لە هۆکارە نوێیەکانی گەیاندن.

**● هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی میدیاکاران لە بواری کاری ژینگەیی**

١. پسپۆڕێتیی ژینگەیی تا رادەیەك شتێکی نوێیە لە نێو پسپۆڕێتییە زانستییەکاندا.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

٢. سرووشتی گرفتە ژینگەییەکان خەمی یەکەمی هاووڵاتییان نییە، لە چاو خەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا.

٣. ئامادەکردنی باسە ژینگەییەکان کاتی زیاتری پێویستە، لەبەر داتا و وردەکارییەکانی.

٤. ورووژاندنی باسە ژینگەییەکان لەگەڵ خاوەن بەرژەوەندییەکانی حکوومی و کەرتی تایبەتدا کێشەی لێ دەکەوێتەوە.

٥. بەرپرسانی نێو دەزگا میدیاییەکان کەمتر پەیامنێرەکانیان بۆ ریپۆرتاژی ژینگەیی دەنێرن.

٦. تەرخاننەکردنی بەرنامە و لاپەڕە و گۆشەی تایبەت بە ژینگە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا.

٧. چڕکردنەوەی ڕۆڵی دەزگا حکوومییەکانی پەیوەست بە ژینگە لە بواری کۆنفرانس و بەیاننامە و لێدوانەکاندا.

٨. نەبوونی لیژنەی پەرلەمانیی تایبەت بە ژینگە لە نێو پەرلەماندا، یان تێکەڵکردنی ژینگە لەگەڵ تەندروستیدا، وەك یەك لیژنە کە زیاتر فۆکەسی لەسەر باسە تەندروستییەکانە نەك ژینگە.

٩. نەبوونی بانکی زانیاریی ژینگەیی و داتا لە بەردەستی کارمەندانی ڕاگەیاندندا.

١٠. نەبوونی هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی ژینگەیی لە نێوان خەمخۆرانی ژینگەدا.

## ● ئامانجەکانی گەشەپێدانی میدیای ژینگەیی

١. دروستکردنی هۆشیاریی ژینگەیی لای هاووڵاتیان و بەرپرسان.

٢. گۆڕینی ئەو ستایل و نەریتانەی ژیان کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن.

٣. هەستکردنی هەستیارانەی تاك و کۆمەڵ بە بەرپرسیارێتییان لە بەرامبەر ژینگەدا.

٤. بڵاوکردنەوەی زانیاریی ژینگەیی لە هەمووانەوە بۆ هەمووان.

## ● هۆکارەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی میدیای ژینگەیی

١. هاریکاریکردن لە نێوان سێکتەرە جیاوازەکانی وەك دامەزراوە گشتی و ئەهلی و زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوە، بۆ گواستنەوەی ئەنجامی کارە ژینگەییەکانیان بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

٢. بوونی پلانێکی میدیایی ژینگەیی لای ئەو دامەزراوانەی لە خاڵی پێشوودا ئاماژەمان پێدان.

٣. ئاگادارکردنەوەی بڕیاربەدەستانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبارەی گرنگیی میدیای ژینگەیی.

٤. گەیشتن بە لای کەمی پسپۆڕێتی لە بواری میدیای ژینگەییدا.

٥. کارکردن وەك یەك تیم لە لایەن ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندنی ژینگەیی.

٦. ئاسانکردنی گەیشتنی میدیاکاری ژینگەیی بە زانیاری و ڕاپۆرت و هەواڵە ژینگەییەکان.

٧. بە گەورە تەماشاکردنی ڕای شەقام و وەرگرتنی بیروڕایان لەبارەی پرسە ژینگەییەکانەوە.

٨. هەبوونی بەرنامەی ژینگەیی لە ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامەکان و کردنەوەی ئەکاونت و پەیجی تایبەت بە ژینگە.

٩. بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی سەرکەوتن و ئەزموونە سەرکەوتووەکانی بواری ژینگە.

١٠. تەرخانکردنی خەڵاتێکی ساڵانە بۆ باشترین کاری بینراو و بیسترا و خوێندراوی میدیاکارە ژینگەییەکان.

# پرۆگرامەکانی خوێندن هەوێنی بنیاتنانی تاکی داهاتووی کۆمەڵگەیە

شاعیرو نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی (ولیەم شکسپیر) دەڵێ: «ئەو هەموو ساڵانەمان بەسەربرد لە فێرکردن، لەگەڵ ئەوەش کەس فێری نەکردین کە خۆمان خوش بوێت».

لێرەو لەوێ لەسەرئاستی بەرپرسیاریەتی و ئاساییدا، لە کۆبوونەوەو دانیشتن و قسەو باسەکاندا زۆر جاران باس دەکرێ، کەوا پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستیان بە گۆڕین و گۆڕانکاری و هەموارکردنەوە هەیە. بێگومان گوڕین و گۆڕانکاری پێویستییەکە لە پێویستییەکانی مرۆڤ و ئادەمیزاد، چونکە ئێمە لە سەردەمێك دەژین، سەردەمی خێرایی لە زانیاری و زانست و زانینە و زانیارییەکان بە خێرایی دەگەن.

بۆیە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەدا بە بەردەوامی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەی بەسەردا بێت، دەبێت لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری پرۆگرامەکان بەڕێوە ببرێن و بڕیاریان لەسەر بدرێت، چونکە پرۆگرام دڵی هەموو دەزگا و پرۆسەیەکی فێرکردنە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پەرەپێدان و گەشەپێدان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەست پێ بکەین، دەبێ سەرەتا پرۆگرامەکان گەشە پێ بدەین، ئینجا مامۆستا رابهێنین لەسەر پرۆگرامەکان و بەشداری خولی راهێنان و شیاندن بکەن، پرۆگرامەکانیش لەهەموو روویەکەوە بێت، چونکە پرۆگرامەکان هێندە هەستیار و کاریگەرن کە نەوەی دوارۆژی کۆمەڵگە و میللەتەکەمان لەسەر ئەو پرۆگرامانە نەش و نما دەکەن. بۆیە جەختکردن و جێگیربوون لەسەر گۆڕین و هەمواركردنەوەی پرۆگرامەکان بە بەردەوامی کارێکی هەرە لەپێشینە و گرنگە و پێویستە پرۆگرامەکان بە نیشتمانی بکرێن و گرنگە کۆمەڵێ بەهای پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی زیاتر گەشەیان پێ بدرێت و مکوم و قایمتر بکرێن، هاوتەریب لەگەڵ کارامەییەکانی ژیان، دەبێت خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان، رەنگدانەوەی راستگۆیی سیاسەتی وڵات بێت لە هەموو روویەکەوە، لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەیەکەوە ژیان و یەکتر قبووڵکردن و خۆشەویستی بۆ خۆمان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە و بۆ خاك و نیشتمان، جگە لە رەنگدانەوەی کۆمەڵێ چەمك لە بەها و کارامەییەکان کە لە ناخی هەرتاکێکدا بە زیندوویی و بە کردار هەستی پێ بکرێ و پراکتیزە بکرێ لە ژیانی رۆژانەدا، چونکە پرۆگرامەکانی خوێندن هەوێنی بنیاتنانی تاکی داهاتووی کۆمەڵگەیە لە هەموو روویەکەوە، جگە لەوەش پرۆسەی گەشەپێدانی فێرکردن بەپێی هەموو پێوەرە جیهانییەکان، لە پرۆگرامەکانەوە دەست پێ دەکات، کە قوتابی دەیانخوێنێت، بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند ئامانجە چاوەڕوانکراو و پێشبینیکراوەکانی بەدەست هێناوە و جێبەجێی کردووە.



**بەکرکەریم حەسەن**

بەڕێوەبەری گشتیی چالاکیی وەرزش و هونەر
ماستەر لە کارگێڕی و پەروەردەیی

بۆ گوڵان دەینووسێت

گومانی تێدا نییە قوتابخانە تاکە وێستگە و پردی پەڕینەوەیە بۆ پاشەڕۆژ کە لەوێ نەوەکان پەروەردە دەکرێن و فێردەکرێن لەسەر ئەو پرۆگرامەی خوێندن کە لە قۆناغە جیاوازەکان دەخوێندرێن لەپێناو بنیاتنانی کۆمەڵگە و نیشتمان. لێرەدا تاچەند پرۆگرامەکان راست و تەندروست و بێ کێشە بن، ئەوا بێگومان ئامادەکردن و بنیاتنانێکی سەرکەوتوومان دەبێت، بەڵام لە کاتێکدا پرۆگرامەکان قورس و ئیفلیج بوون و لەگەڵ گۆرانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سەردەم هاوتەریب و گونجاو نەبوون، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەنجام و ئامانجێك دێتەدی کە کەسمان خۆزگەی بۆ ناخوازین، چونکە پرۆگرام هەر تەنیا وەکو پەرتووك و بڕیاردەر و فەرماندەری خوێندن سەیر ناکرێت، بەڵکو پرۆگرام دەبێت بڕیاردەری سەرجەم چالاکی و رەوشت و پەرتووك و زانست و زانیاری و زانیارییە پەروەردەییەکان و بەهاکان و کارامەییەکان و تاقیکردنەوەکان بێت، هەر ئەوەش پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبێت، کە مەبەست و ئامانج کوالێتیی خوێندن و ئاستی فێربوونی قوتابیان بێت، نەك بۆ دروێنەی نمرەی زۆر بەرز.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گرنگی و بایەخەوە دەڕوانێتە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و بەتایبەتیش جۆرو گرنگیی پرۆگرامەکان، بە هەمان شێوە وەزارەتی پەروەردە لە خەم و مشوری پرۆگرامەکاندایە و دەیەوێ پرۆگرامێکی کوالێتیی بەرز بۆ قوتابیان دەستەبەر بکات، هەتا بتواندرێ لە داهاتوودا کوالێتیی خوێندن لە کوردستان بەرز ببێتەوە، بۆیە منیش لێرەدا بە پێویست و ئەرکی سەر شانمی دەزانم کە داوا لە وەزارەتی پەروەردە بکەم، پێداچوون و بەدواداچوونەوە بە سەرجەم پرۆگرامەکانی خوێندندا بکات، لە سەرجەم قۆناغ و بابەتەکان لەلایەن کەسانی شارەزا و بەئەزموون و پسپۆڕ لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، وەرگرتنی راو سەرنجی کەسانی پەروەردەیی جۆراوجۆریش زۆر پێویستە، هەروەها سوودوەرگرتن لە نموونەی وڵاتانی پێشکەوتوو لە پەروەردە و فێرکردن، لەوەش گرنگتر پرۆگرامەکان پێویستە لەلایەن کەسانی پەروەردەیی شارەزا و بەئەزموون بەڕێوە ببرێن، کە هەڵقوڵاوی پۆل و قوتابخانە و ژینگەی پەروەردە و فێرکردن و قوتابخانە بن، واتە بە قۆناغەکانی مامۆستایەتی و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری کارادا رەت بووبن. لەکۆتاییدا داواکارم وەزارەتی پەروەردە ئەنجومەنێکی زانستی و پەروەردەیی لەپێناو گەشەپێدان و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن دروست بکات، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانین ئەنجامی باش و سەرنجڕاکێش بە دەست بهێنین لە پرۆگرامەکان بەپێی پێوەرە جیهانییەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن.

# ناسنامەی ژن لە نێوان دوو جیهانی توندوتیژیدا

ئاشکرایە کە باس و خواستەکانی تایبەت بە ڕەگەزی مێینە و بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە توندوتیژییەوە هەیە، بابەتی گرنگ و گەرمی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ و ژنان بووە لە سەرتاسەری جیهاندا، چونکە هەمیشە داتاکان ڕێژەی ئەم توندوتیژییانەی بەرامبەر ژنان بەرز پیشان داوە، ئەویش بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و پێکهاتە و ڕۆئیای کۆمەڵگەکان بەرامبەر ژنان کە زۆرینەی نەرێنی بووە، چ لە بوون و دانپێدانانی وەك مرۆڤێکی کاریگەر، چ وەك بوون و بەشداری لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا. واتە هێشتا کۆمەڵگەکان جیهانێکی ئارام و تەندروستیان بۆ ژن فەراهەم نەکردووە، ئەگەرچی هەوڵ و پشتیوانییەکانی ڕێکخراوە جیهانییەکانی نموونەی وەك یونسکۆ و ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤ بەردەوامە، بەڵام جەنگە یەك لە دوای یەکەکان و گرژی و ململانێکان لە زۆربەی پارچەکانی جیهاندا بەردەوام ژن دەکاتەوە قوربانی و دەروازەیەك بەرامبەری دەکاتەوە بۆ توندوتیژی، لەملاشەوە گەشەی تەکنەلۆژیا ئومێدێکی لە سەرەتاوە داوە بە ژن کە بتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات و سوود لە هەل و دەرفەتەکانی وەربگرێت بۆ خۆناساندن و گەیشتن بە زانیاری و جیهانێکی کراوە، بەڵام بەهۆی ئەو بوارە ئازادەی کە جیهانی ئۆن لاین و فۆرمە جیاوازەکانی و ئەپلیکەیشنە جۆراوجۆرەکانی و بەردەستبوونی لای هەموو کەس، هەروەها نەبوونی هۆشیاری پەروەردەیی تاك لە بەکارهێنانی و ئاساننەبوونی بەرپرسیارکردنی تاك بە یاسا لە بەکارهێنانی و ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان، کێشەی زۆری دروست کردووە. دەتوانین بڵێین چارەکە سەدەیەکە زۆرینەی وڵاتانی جیهان ئاشنا بوون بەم تەکنەلۆژیا و ژیان و جیهانە گریمانەییە. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا و بەتایبەتیش لە ئەمساڵدا هاوار لە ناوەند و ڕێکخراوە داکۆکیکارەکانی مافی ژنان بەرز بوتەوە سەبارەت بە فۆرمێکی نوێی توندوتیژی لەم جیهانە گریمانەییە، ئەویش بە هۆی زۆربوونی سکاڵا و داتای ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە توندوتیژیی ئۆن لاین لە جیهاندا، ئەوەتا ساڵی ٢٠١٨ لە پەرلەمانی ئەورووپا توێژینەوەیەکیان ئەنجام داوە لە سەر
Cyber violence and hate speech online»
against women» و گەیشتوون بەو دەرئەنجامەی کە لە ئەورووپا لە ١٠ ژن ٩یان ڕووبەڕووی جۆرێك، یان زیاتر لە توندوتیژیی ئۆن لاین بوونەتەوە، کە لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە مۆبایل و ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە، زۆربەی ئەو کەسانەش هەستاون بە ئەنجامدانی ئەم توندوتیژییانە پیاوانی گەنج بوون، کە زۆربەشیان بە پێی ڕاپرسییەکە ئەو ژنانەیان دەناسی کە ئازاریان داوون و ببوونە قوربانی. واتە ئەنجامدانی ئەو کارە توندوتیژییانە بە مەبەست بووە و بەشێکی ئەو توندوتیژییانە لە ڕێگەی هاوڕێ، یان خۆشەویستەکەیانەوە بووە. ژنان لە باکگراوند و ناسنامەی جیاواز ڕووبەڕووی ئەم شێوازە توندوتیژییانە دەبنەوە، بەتایبەتی ژنی گەنج و ئەوانەی دەرکەوتوون لە ناو جەماوەر و شوێنە گشتییەکان، باجی سایکۆلۆژی و ئابووری دەدەن و خێزان و کۆمەڵگەش بێگومان باجی ئەوە دەدات.
International Foundation for Electoral Sys-



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

tems لە ساڵی ٢٠١٩ توێژینەوەیەکی کرد لە سەر: «Violence Against Women in Elections Online: A Social Media Analysis Tool» و گەیشتن بەوەی کە سۆشیال میدیا بوار و پانتایەکی فراوانی رەخساندووە لە بوارەکانی سیاسەت و پەروەردە و گفتوگۆ بۆ هاووڵاتیان، بەڵام بەشداریی سیاسی و سۆشیال میدیا دەرگای کردەوە بۆ گیرۆدەبوونی زۆر کەس و بە خراپی مامەڵەکردن لە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکەنەلۆژییەکانی زانیاری، نموونەی وەك بەرزبوونەوەی تووڕەبوون، زانیاریی چەواشە و ساختە، گوتاری نەشیاو و توندوتیژیی راستەوخۆ کە زۆربەی ئەم شێوازانە رووبەڕووی ئەو ژنانە بوونەتەوە کە بەشداری سیاسی دەکەن.

بێگومان دەرەنجامی ئەو توندوتیژییانەی کە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لە ئۆن لاین و بەتایبەتی لەکاتی بەشداریی سیاسی، زیان بە پرۆسەی دیموکراسی و ئازادیی ژنان و بەشداریی سیاسی و ناوەندی بڕیاردان دەگەیەنێت. لەهەمان توێژینەوەدا کە ئەو ناوەندەی ناوبراو کردوویەتی، ئاشکرای کردووە کە ٢٠٪ی ژنانی گەنج لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا رووبەڕووی بێزارکردنی سێکسی ئەلیکترۆنی بوونەتەوە، ١٤٪یان لە تەمەنی ١٥ ساڵییەوە رووبەڕووی راوەدونانی ئەلیکترۆنی بوونەتەوە. هەروەها وشە رقاوییەکان کە ئاراستەی ژنان دەکرێت لە ئۆن لاین و سۆشیال میدیاوە رێژەی ١.٣٪ی ئەو راپۆرتانە پێك دەهێنن کە لە بارەی توندوتیژییەکانی ئینتەرنێتەوە بەرز دەکرێنەوە. ئەو رێگایانەش کە ئەم شێوازە توندوتیژییەی تێدا ئەنجام دەدرێت، زۆرینەیان لە رێگەی سۆشیال میدیاوەن، وەك فەیسوبك، تویتەر، لینکید ئین، ئینستاگرام، ژوورەکان یان ماڵپەڕەکانی چاتکردن، یان گۆگڵ و ماڵپەڕەکانی گەڕان، واتساب و تیلیگرام، بلۆگەکان، ژورەکانی چاتی یارییەکانی ئۆن لاین.

لە کاریگەرییەکانی ئەم شێوازە جۆراوجۆرانەی توندوتیژی (Joshi، S – 2016) دەیناسێنێت وەك «دژایەتی و کۆتاییهێنان بە مافی ژنان و ئازادیی رادەربڕین لای ژنان، هەروەها سووکایەتی بە کەرامەت و هەست و پرسی یەکسانیان کاردەکاتە سەر ژنان لەسەر ئاستی جۆراوجۆر، هەروەك کاریگەری لە سەر هۆش و فیزیك و چالاکبوون وتەندروستبوونیان دەبێت، لەسەر گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیشیان کاریگەری دەبێت، کۆمەڵگەش بەگشتی باجی ئەمانە هەمووی دەدات.

لەلایەکی دیکەوە (saraban، T.، Z.،2017) بەمجۆرە باسی کاریگەرییەکانی توندوتیژیی سایبەری دەکات: «دەبێتە هۆی ئازارادانی هەست و سۆز و ناتەندروستی لەو کەسەدا و تووشی زۆر کێشەیان دەکات، لەوانە: خەمۆکی، شەرم، فشاری دەروونی، کەمیی متمانەبەخۆبوون،هەوڵدان بۆ زیان بەخۆ گەیاندن و تا رادەی هاندان بۆ خۆکوشتن، لۆمەی خۆکردن، دوورەپەرێزی، هەستکردن بە تاوان، لاوازی و کەمبوونەوەی توانا و ئەنجامدانی چالاکی، کە وادەکات زۆربەی قوربانییەکان بڕیار دەدەن چالاکییەکانیان کەم بکەنەوە لە ئۆن لاین و لێی دوور بکەنەوە، ئەو کات بێبەش دەبن لە جیهانی دیجیتاڵی و زۆر بابەتی پەروەردەیی پرۆفیشناڵ، چارەسەرەکانیش هۆشیارکردنەوەی تاك و رێکاری یاسایی و ئیتیکین، تا ئێستاش راسپاردەی توێژەران و پسپۆڕان گرنگیدان بەو بابەتانەیە.